# مەلا عارفی مەلا یەحیای خانەقین
# لە بەر ڕۆشنایی دەستنووس و یاداشتەکانیدا ١٩١٢- ١٩٩٨

م. ئەحمەد محەمەد ناسر
زانکۆی گەرمیان
کۆلێژی پەروەردە
بەشی مێژوو

**پێشەکی** :

ئەم کورتە لێکۆڵینەوەی ، کە لە چوار چێوەی ئەم نووسینەدا ، داڕێژراوەتەوە ، بەسەریەکەوە ، بریتیە لە سێ تەوەری سەرەکی ، سەبارت بە کەسایەتی و پیاوی ئایینی ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقین : ( مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیای کوڕی مەلا عەبدولعەزیزی شەیخ و لئیسلامی ئەردەلآنی ) ، کە لە سەردەمی خۆیدا ، خزمەتێکی بەرچاویان بە باری سیاسی و کۆمەلآیەتی باشووری کوردستان بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی کردووە ، دڵنیاشین لەوەی ، کە بە درێژایی ڕۆژگار و ئەو هەلومەرجەی بەسەر باشووری کوردستان و ناوچەکەدا هاتووە ، زۆربەی دەستنووس و بەرهەمە دەوڵەمەندەکانی ئەم بنەماڵەیە لە ناوچوون و بوونەتە خۆراکی ئاگردانەکانی مێژوو و تەنها بەشێکی یەکجار کەمیان نەبێت ، نەتوانراوە وەك پێویست سوودیان لێ وەربگیردرێت و لە بارەیانەوە بنووسرێت . بە تایبەتی بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕووناکبیری ئەوتۆ ، کە ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵیان ، لە تەواوی ڕۆژهەلآتی کوردستان و بەشی باشووریدا هەبووە و هاوکات باپیرە گەورەیان گەیشتۆتە پلەی ( شەیخ ولئیسلام )ی شاری سنە لە ناوەندی فەرمانڕەوایەتی ئەردەلآنیەکاندا .

ئەو هۆکارەشی ، کەزیاتر وای لەتوێژەری ئەم بابەتەکرد ، کە سەبارەت بەو ناونیشانەی سەرەوە بنووسیت ، زیاتر بایەخ و گرنگی بابەتەکە بوو ، وەك کەرەستەیەکی خاوی مێژوویی ، کە تا ئێستا و وەك پێویست بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوەو ، تەنانەت لە بارەشیەوە نەنووسراوە ، سەرەڕای ئەوەش ناوچەیەکی وەك گەرمیان و شاری خانەقین بۆ کاری نووسین و بە دواداچوون ، بە تایبەتی لە ڕووی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی مێژووییەوە ، هەڵدەگرێت دەیان نامە و لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە بنوسرێت و هاوکات ڕووداو و لایەنە جۆر بەجۆرەکانی بە درێژایی مێژوو خوێندنەوە و لێکدانەوە و توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت ، بۆ نموونە شارێکی وەك خانەقین سەرەڕای ئەو تەمەنە مێژووییەی ، کە هەیەتی ، تائێستا جگە لە لایەنی جوگرافیەکەی وەك کاری زانستی و توێژینەوەی زانستی ، بوارەکانی تری بەتایبەتی بارودۆخە مێژووەییە کە ی بە هەموو قۆناغەکانیەوە ، هەروەها بە پێی پەیڕەوو میتۆدێکی زانستی شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە ، کە جێی سەرنج و لێکدانەوە و لەسەر وەستان بێت .

بەهەرحاڵ بەگوێرەی تەواوی ئەو سەرچاوە و دەستنووس و بیرەوەرییانەی ، کە بۆ ئەم نووسینە لەبەر دەستدا بوون و وەك لە لیستی پەراوێز و سەرچاوەکاندا بەڕوونی ئاماژەیان بۆ کراوە ، توانرا تاڕادەیەك لێکۆڵینەوە کە بە شێوازێکی پوخت ، بۆ سەر سێ تەوەری سەرەکی و چەند ناونیشانێکی لاوەکی ، وەك ئەوەی لەچوار چێوەی پلانەکەدا دەر دەکەوێت و تاڕادەیەك بەکورتی ڕوون کراونەتەوە . تەوەری یەکەمیان : بریتیە

لە ژیان و کەسایەتی و مەلا عارفی خانەقین . دووەمیان تەرخانکراوە بۆ بە دوا داچوونی دەستنووس و بیروەریەکانی ڕۆژانەی ، بەتایبەتی لە نێوان سالآنی ( ١٩٤٧ — ١٩٧٥ ) دا ، کە بە زۆری هەر هەموویان لە نێو دەستنووسەکانیدا ماون و وەك ئاماژەی بۆکرا زۆر ڕووی نادیاری مێژوویی ، بۆ خوێنەر و لێکۆڵەران ڕۆشن دەکەنەوە لە قۆناغی ناوبراودا ، بە تایبەتی زۆرێك لە ڕووداوە گرنگەکانی ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقین و دەوروبەری . بەلآم تەوەری سێیەم و کۆتایی : بەسەریەکەوە بەدوادا چوونێکی خێرایە لەسەر ناوەرۆکی ئەو هەموو دەستنووس و وتار و نامە و خوتبانەی ، کە هەموو ڕۆژانی هەینیەك ، لە مینبەری مزگەوتی ( مەجید بەگ ) ی شاری خانەقینەوە ، بۆ کۆمەلآنی خەلکی خوێندۆتەوە . کە بەزۆری لە ڕێگای کەس و کارو بنەماڵەکەی خۆیانەوە بەدەست گەیشتوون و تاڕادەیەکی باش خوێندنەوەیان بۆ کراوە و شیکردنەوەی پێویستیان لەسەر دەستنیشانکراوە .

## تەوەری یەکەم / ژیان و کەسایەتی مەلا عارفی خانەقین :

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو بەدواوە گەلێك کەسایەتی ئایینی و ڕووناکبیری جۆر بەجۆری کورد لە بەشی ڕۆژ هەلآتی کوردستانەوە ڕوویان لە بەشی باشووری کوردستان کردوەو هاوکات لە مزگەوت و تەکێ و خانەقا و ناوەندەئایینی یەکانیدا جێگای تایبەتی خۆیان کردۆتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی تەدریس و وانە وتنەوەی تایبەتەوە توانیویانە لە باشووری کوردستاندا سەدان مەلای هوشیارو پیاوی ئایینی گەورە پێ بگەیەنن و ئیجازەی مەلایەتیان بدەنێ . هەرلەم لایەنەشەوە ناوی دەیان زانای گەورەو پیاوی ئایینی هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووەوە تا ئێستا بە درەوشاوەیی ماوەتەوە ، شان بە شانی ئەوەش دەستنووس و دانراوەکانیان لە بواری زانستی جۆر بەجۆردا ، ئەوپەڕی دەلالەت و بەلگەی زیندوومان ئەخەنە بەردەست لەوانە: مەلا یەحیای کوڕی مەلا عەبدولعەزیزی ئەردەلآنی ( ١٨٦٩ - ١٩٣٣ )، مەلا محەمەدی مەهدی جوانڕۆیی ( ١٨٦٨- ١٩٣٨ )[١] ، حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی ( ١٨١٣- ١٨٨٤ ) ، مەلاسەید حەکیمی خانەقینی هویەیی ( ١٨٩٢- ١٩٥٧ )[٢]، مەلا محەمەدی قزلجەیی تورجانی زادە ( ١٨٩٥- ١٩٥٩ )[٣] ، مەلا عەبدولکەریمی مودەریسی مەریوانی ( ١٨٩٩- ٢٠٠٥ )، عەلائەدینی سەجادی سنەیی ( ١٩٠٧- ١٩٨٥ ) . هەروەها مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیای ئەردەلآنی ( ١٩١٢- ١٩٩٨ ) واتە ئەو کەسایەتی و پیاوە ئایینیەی ، کە دەمانەوێت لێرەداو لە چوارچێوەی ئەم نووسین و لێکۆڵینەوەیە دا ، بۆ یەکەم جار باسی لێوە بکەین و سەبارەت بە یاداشتنامەو دەستنووسن و کارە جۆر بەجۆرەکانی بدوێین .

مەلا عارف بە پێی ئەو زانیارانەی ، کە لە باوك و باپیرانیەوە وەری گرتووەو ، بەگوێرەی یەکێك لە دەستنووسەکانی خۆی کە مێژووی ( ٢٧/ ٥/ ١٩٧٣ ) ی بەسەرەوەیە ، پێ دەچێت بەشێکی زۆری لێ فەوتابێت ، لە بارەی سەربوردە و ژیاننامەی خۆیەوە بە کورتی نووسیویەتی : ( عارفی کوڕی مەلا یەحیای کوڕی مەلا عەبدولعەزیزی کوڕی مەلا محەمەد مەهدی شەیخولئیسلامی مەلا حەسەنی مەلا ئەحمەدی ... لێرەشەوە و بەرەسەن دەچنەوە سەر مەلا یەعقوبی قازی پلنگان کە مەستورەی کوردستانی لە چەندین شوێنی مێژووی ئەردەلآنەکەیدا باسی لێوە کردوون [٤]. بەلآم مەلا عارف لە بارەی خۆیەوە درێژە دەداو دەنووسێت : لە ( ١٩١٢ ) زایینی لە شاری خانەقین لەدایك بووە و هەر لە منالییەوە لای باوکم خەریکی خوێندن و نووسین بووم و فارسی و خوێندنی سەرف و نەحوم هەر لای باوکم خوێندوە . لە پاشان لە حوجرەی فەقێیان لە خانەقین و

سلێمانی تەحسیلی باقی عیلمەکانم کردووە لە خزمەتی حاجی مەلا محەمەدی جوانرۆیی کە لەو سەردەمەدا یەکەم باش مەلا بوو، بەلاغە و تەفسیری قورئان و فیقهو ئوسولْ فیقهم خوێند و هەروەها لە خزمەتی شێخ محەمەدی خالْ ( ١٩٠٤ - ١٩٨٩ )[5]دا ، لە شاری سلێمانی بەعزێ مەنتیق و ئادابم خوێند و لە خزمەتی خوالێخۆشبوو مەلا محەمەد سەعیدی دێلێژەیی ( ١٨٨٦- ١٩٤٥ )[6] ، خوێندنی مەنتیقم تەواو کرد و دووبارە گەڕامەوە شاری خانەقین و ئیجازەم لە خزمەتی حاجی مەلا محەمەدی جوانرۆیی وەرگرت و لە سالْی ( ١٩٣٦ ) دا بووم بەمەلای ئاوایی ( سەوزبلاخ ) ، نزیکەی دوو سالْ خەریکی وتنەوەی عیلمەکان بووم ، پاشان لەبەر تێکچوونی تەدریس گەڕامەوە خانەقین و دوو سێ سالْێ لە شاری خانەقین بە بێکار و بێ جێ و مەعیشەت مامەوە، لە بەر ناچاری دوکانێکی عەتاریم دانا و نزیکەی بیست سالْ بە دوکاندارییەوە مەشغولْ بووم . لە دوایدا لەبەر تێکچونی کاسبی و ڕێك نەهاتنی کەسابەت لەگەلْ بارودۆخی من بە ناچارییەوە وازم لێ هێناو لە مزگەوتی ( مەجید بەگ ) لە شاری خانەقین ، بە ئیمامەت و خیتابەت مشغولْم )[7].

بەپێی دەقی ئەو ئیجازەیەش بێت ، کە حاجی مەلا محەمەدی جوانرۆیی دابێتی بە: ( مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیای کوڕی مەلا عەبدولعەزیزی ئەردەلانی ) لە تەکیەی نەقشبەندی شاری خانەقین و لە خوارەوەیدا نووسیویەتی :( العبد الفقیر الی رحمة ربە القدیر محمد بن مهدی الحسینی المدرس والخطیب فی تکیة النقشبندی فی خانقین فی ٢٨ رجب ١٣٥٧ )[8]، ئەمەش بۆخۆی جۆرە یەك نە هاتنەوەیەك ، لەگەلْ ئەو سالْەدا دروست دەکات ، کە مەلا عارف ئیجازەی مەلایەتیەکەی تیا وەرگرتووە . چونکە سالْی ( ١٣٥٧ ) کۆچی ، بەرانبەرە لەگەلْ سالْی ( ١٩٣٨ ) زاینیدا ، بەلاٌم وەك لە دەقی ئیجازەکەیدا دیارە ، کە ئەبێت مەرحووم مەلا محەمەدی جوانرۆیی کلێشەی ئامادەی هەبووبێ و تەنها لەو شوێنانەدا بە بەتالْی مابنەوە ، کە ناوی قوتابیەکە و شوێنی پێدانی ئیجازەکەی تیا دەنووسرێت ، چونکە بە پێی ئەو نووسراوەی لە بەردەستی ئێمەدایەو بۆ ساغکرنەوەی ئەو لایەنە پشتی پێ بەستووە، بەو شێوەیە ، کە ئاماژەی بۆ کراوەو دواتر بە شێوازی نووسین مەلا عارف ئیجازەکەی بۆکراوە ، بۆیە نووسراوە : ( ٢٨ رجب ١٣٥٧ ). هاوکات لێکدانەوەیەکی ئەوتۆش لەگەلْ سالْ و ڕێکەوتێکی وادا هەرگیز نایەتەوە ، ئەویش ئەوەیە کە مەرحووم حاجی مەلا محەمەدی جوانرۆیی ، بە پێی دەقی ئەو نووسینەی کە لەسەر کێلی ئارامگاکەی لە گۆڕستانی ( پاشا کۆپری ) لە شاری خانەقین ، بە زمانی عەرەبی نووسراووە : ( هذا قبر المرحوم المغفور لە العالم الفاضل الحاج ملا محمد بن مهدی الحسینی توفی یوم الاربعاء المصادف ٢٧ من شهر الرجب الخیر سنة ١٣٥٧ الهجریة لروحە الفاتحة )[9]. بەوەی ئەم دوو مێژووە واتە ڕۆژی وەرگرتنی ئیجازەکەی مەلا عارف و ڕۆژی وەفاتکردنی حاجی مەلا محەمەدی جوانرۆ تەنها جیاوازیان یەك ڕۆژە و خۆ ناکرێت بوترێت : تا ڕۆژێك پێش وەفاتکردنی حاجی مەلا محەمەدی جوانرۆیی توانیبێتی مۆلْەتی مەلایەتی بە قوتابیەکانی خۆی دابێت . هەروەها مەلا عارف خۆی لە دەقی ئەو نووسینەشدا کە لە بارەی ژیاننامەی خۆیەوە نووسیویەتی : لە سالْی ( ١٩٣٦ ) دا بووم بە مەلای ئاوایی سەوز بلاٌخ ، کە ئەمەش بۆ خۆی دەکاتە دووسالْ پێش ئیجازە وەرگرتنی [10].

هەر بە پێی دەستنووسەکانی مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیا خۆی ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پێش پێنج سالْ لەوەی کە مۆلْەتی مەلایەتی وەربگرێت ، باوکی چۆتە بەر دلۆڤانی خودای پەروەدگار و هەر لەم بارەیەشەوە و لە پەراوێزی دەستنووسێکی تریدا بە زمانی فارسی نووسیویەتی : ( فوت کردن مرحوم ابویم ملا

یحیی غفر له در شهر خانقین در شهر جمادی الاولی سنة ١٣٥٢ هجری ) . واتە : وەفاتکردنی خوا لێخۆشبووی باوکم مەلا یەحیا لە مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٣٥٢ ی کۆچی لە شاری خانەقین ، کە ئەمەش بۆ خۆی هاوکاتە لەگەڵ ساڵی ( ١٩٣٣ ) زایینیدا . بەڵام لە ناو هیچ دەستنووس بەڵگە نامەیەکی تری فەرمی بنەماڵەکەیاندا دیار نیەو بۆمان ڕوون نەبووەوە کە مەلا یەحیای باوکی لە ساڵی چەندا لە دایك بووە و لە چ قۆناغ و ساڵێکیشەوە لە بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هاتوونەتە بەشی باشووری کوردستان و بە تایبەتی شاری خانەقین . بەڵام مەلا عارف وای گێڕاوەتەوە کە ئەوساڵەی باوکی وەفاتی کردووە ، تەمەنی شەست و چوار ساڵ بووە، جا بە گوێرەی ئەو گێڕانەوەیەش بێت ، ئەوا ساڵی لە دایك بوونی مەلا یەحیای باوکی دەکاتە ساڵی ( ١٨٦٩ ) ی زاینی و هاوکات بە گوێرەی شوناسنامەی باری شارستانیەتەکەی مەلا عارف بێت ناوی دایکی : ( مەسعودە محەمەد ساڵح ) بووە و لەگەڵ ئامینە خانی دایکی ڕووناکبیر و کەسایەتی ناسراوی ڕۆژ هەلاتی کوردستان شوکرڵڵای بابان ( ١٩٢٣- ١٨/ ١٠/ ٢٠١٢ )[١١] . دەبنە خوشکی یەکتر . ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون و یەکلایی دەکاتەوە کە هەریەك لە مەلا عارفی مەلا یەحیای ئەردەلانی و شوکرڵڵای بابان پورزای یەکتر بوون ، جگە لەوەش لە دامەزراندنی پارتی هیوا بەدواوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئەو پارتەوە کردووەو ئەندامێکی چالاکی بووە . لە ماوەی خەباتی سیاسیشیدا پەیوەندی بە کۆمەڵێك کەسایەتی ئەو دەمانەی کوردستان و ناوچەکەوە کردووە و لە گەڵ هەڵ وەشانەوەی ئەو حیزبەشداو لە ساڵی ( ١٩٤٦ ) بەدواوە پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا ، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بووە لەشاری خانەقین و دەورو بەریدا [١٢]. هەروەها یەکێکیش بووە لە چا نەخۆرەکانی شاری خانەقین ، کە ئەمەش لەدەرئەنجام و وەك هەڵویستێك بووە بەرامبەر بە داهێنانی تەموینی خۆراکی حکومەتی عێراق بۆ هاووڵاتیان ، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا ، کە لەگەڵ هەر یەك لە: ( بنەماڵەی مەلا سەید حەکیمی خانەقین ، عەزیز پشتیوان ، محەمەدساڵح سلێمان دەلۆ ، سەید ئیبراهیمی برازای سەید حەکیم )، لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی تردا لە ناوچەی گەرمیان و خانەقین و کفری ئەودەمانەدا ، کە ئەمەش بۆ خۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردو سەربەخۆ هەیە ، بۆ ئەوەی لە سەر وردەکاریەکانی بنووسین [١٣].

مەلا عارفی مەلا یەحیا خۆشی لە ژیانیدا لەگەڵ : رابیعە حەسەن حوسێن ( ١٩٢٠ - ٢٠٠٦ ) کە لە هۆزی گەورەی لەك بووە ، ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە ناوە و لە بەرەی ئەم خێزانەی بە کوڕ و کچیەوە تا ساڵی ( ١٩٦٤ ) و بە گوێرەی شوناسنامەی: ( مديرية الاعاشة العامة – هوية توزيع خبز الاعاشة ) کە لە ساڵی ناوبراودا دەرچووە ، ئەندامانی خێزانەکەی ( ٩ ) کەس بوون واتە ( ٧ ) منداڵ و خۆی و خێزانی [١٤]. هەر بە گوێرەی دەقی شەجەرەکەش : مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیا تەنها دوو برای هەبووە ، کە هەر یەك لە ( مەلا یوسفی ) برا گەورەی و عەبدولغەفوور بوون ، یەکەمیان : وەکو خۆی دەنووسێت لە ( ١ی شوباتی١٩٤٤) دا کۆچی دوایی کردووەو دووەمیان : لە ئاوی ( ئەڵوەن ) دا خنکاوە ، وەك لەم بارەیەوەو لە دەستنووسێکی تری خۆیدا بە ڕشکاوییەوە نووسیویەتی : ( غەرق بوونی برای عەزیزم عەبدولغەفوور خوا ڕەحمەتی بکات لە ڕۆژی هەینی ٢٤ ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٦١ی کۆچی / ٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٢ ی زایینی )[١٥] .

ئەم برایەشی لە دوای مردنی تانها کچێکی ئەبێت ، ئەویش گەورەکردن و پەروەردەکرنی بە گوێرەی ناوەڕۆکی ئەم نووسراوە فەرمیەی ، کە لە ناو دەفتەری خزمەتی سەربازی ( دفتر الخدمة العسكرية ) کەیدایەو لە ساڵی ١٩٤٠ دا دەری کردووە، دواتر دەکەوێتە ئەستۆی مەلا عارف خۆیەوە وەك لە بەشێکی سەر لاپەڕەکانیدا

نووسراوەو بۆ نموونە لە بەشێکیدا هاتووە : ( تبين بان المكلف المدعو غفور ملا يحيى متوفى حسب كتاب مامور نفوس القضاء المرقم ( ٢١/٨٠٥ ) و المؤرخ ١٢/ ٨ / ١٩٤٥ و كتاب الطبيب المركزى الرقم ( ٨٨٢ ) والمؤرخ ٧/ ٨/ ١٩٤٥ . لذا يصبح معيلا الى بنت اخيه غفور المدعوة ( وجيهة ) البالغة من العمر ( ٩ ) سنوات... )[16] . جگە لەوەش هەر بە پێی ناوەرۆکی دەستنووسەکانی خۆی تەنها دوو خوشکی هەبووە بە ناوەکانی : ( خەدیجە ) کە لە مانگی مارتی ساڵی ( ١٩٤٤ ) دا کۆچی دوایی کردوە و ( نیگارە خانم ) بەهەمان شێوە لە ( ١٤ی مارتی ١٩٧٤ ) دا چۆتە بەر دلۆڤانی خوای گەورە [17].

هەر وەك لە زۆربەی نووسراوەکانیدا دەردەکەوێت ، مەلا عارفی مەلا یەحیا لە( ١٩٣٨ ) بە دواوە و پاش ئەوەی لە ئاوایی ( سەوز بلاخ )ی ناوچەی بنکورەوە، دووبارە دەگەڕێتەوە شاری خانەقین و ماوەیەکی زۆر بێ ئیش و کار دەمێنێتەوە ، سەرەڕای ژیانی کرێچێتی کە یەکێك بوە لە گەورەترین کێشەکانی ژیانی و بەماڵەوە ئەم گەڕەك و ئەو گەڕەکێکی زۆری کردوە وەك کرێ نیشین ، کە ئەمەش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژ ژمێر و بیرەوەریەکانی ڕۆژانەیدا ، بۆیە بە ناچاریەوەو بۆ لایەنی ژیان و گوزەرانی خۆی سەرەتا دوکانێکی عەتاری لە شاری خانەقین دادەنێت و لێرە بەدواوە لە نێو خەڵك و تەنانەت وەك لە زۆرێك لە نووسراوەکانیدا دەردەکەوێت بە: ( مەلا عارفی عەتار ) دەناسرێت ، لە ساڵی دواتریشەوە ، کە گۆڤاری بە ناو بانگی گەلاوێژ ( ١٩٣٩- ١٩٤٩ ) بلاَو دەکرێتەوە لە ساڵانی دواتری بلاَو بوونەوەیدا ، بە هۆی نزیکی و خزمایەتیەوە لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی دا لە سنووری شاری خانەقین و تەنانەت ناوچەی گەرمیاندا ، گۆڤاری گەلاوێژ لە ڕێگای ئەم و سەید ئیبراهیمی عەتاری هاوڕێیەوە و لە ڕێگای دوکانەکانی ئەوانەوە دەگاتە دەستی کۆمەڵانی خەڵك لە شاری خانەقین و دەوروبەری و بگرە لەوێشەوە بەشێك لە ژمارەکانی دەگاتە ناو ڕوناکبیران و کوردانی ڕۆژهەلاَتی کوردستان لە شاری کرماشان و دەوروبەری . تەنانەت دەیان جار لە نووسراو و یاداشتەکانی ڕۆژانەی خۆیدا ، ڕۆژانە ناوی مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەنووسێت و دەهێنێت ، کە چۆن بە بەردەوامی هاتۆتە شاری خانەقین و سەردانی کردوەو تێکەڵی خێزانی و کۆمەلاَیەتی لە نێوانیاندا هەبووەو بە زۆری هەر لای ئەو ماوەتەوە لە شاری خانەقین و لە ماڵەوەیاندا ، زۆرجاریش سەربوردەیەکی خۆش یان یادەوەریەکی سەرنج ڕاکێشی لابوو بێت بۆ مامۆستا سەجادی گێڕاوەتەوەو ئەویش دواتر لە بەرگەکانی کتێبی : ( ڕشتەی مرواری ) دا و زۆر بە ئەمانەتەوە بلاَوی کردۆتەوە[18]. بۆ نموونە لە( ٢٣ی مارتی ١٩٥٥ ) دا ، لەبارەی هاتنی عەلائەدین سەجادیەوە دەنووسێت : ( ئەمرۆ سەید عەلا ئەدینی سەجادی هاتە شاری خانەقین و سەردانی کردم و لامان مایەوە ).

هەروەها مامۆستا عەلائەدین سەجادیش دواتر لای خۆیەوە ، هەوڵێکی زۆری بۆ دەدات لە ڕێگای وەزارەتی ئەوقافی ئەو کاتەی عێراقەوە تا دادەمەزرێت و دەبێتە بەر نوێژ و ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ( مەجید بەگ ) لە شاری خانەقین و لە ( ١٣ تەمموزی ١٩٥٥ ) دا وەك ئەوەی خۆشی دەنووسێت : ( سەید عەلائەدین لە هەوڵێکی زۆر دایە بۆ ئەوەی ئەمری تەعینەکەم تەسبیت بکات ) هەر وەك لە بیرەوەریەکانی دا دووبارە دەنووسێت : ( دەرچوونی ئەمرەکەم لە بەغدا بۆ بەعقوبە ژمارە ( ١٢٣٤ ) لە ٦/ ٦ / ١٩٥٥ )) و ماوەیەکی دیش لەیاداشت و بیروەریەکانی دا دەنووسێت : (( جەوابی هاتنەوەی ئەمری ئینفکاکی مەلا ئەحمەد حەسەن و موباشەرەی من بۆ ئیمامەت و خیتابەتی مزگەوتی مەجید بەگ سادیر بوو لە شاری بەغدا لە ( ١٠ / ٧ / ١٩٥٥ ) و سادیر بوو لە شاری بەعقوبە لە ١٣ / ٧ / ١٩٥٥ ) . ماوەیەکی زۆر بوو بە شێوازێکی کاتی لە شوێنی مەلا ئەحمەد حەسەنی

ئیمام و خەتیبی هەمان مزگەوت بەر نوێژی تیا کردبوو ، کەچی ئێستاش هەر بۆی نەکراوەتە دامەزراندنی بەردەوام . هەر بە پێی یاداشت و بیرەوەریەکانی مەلا عارفی مەلا یەحیاش بێت ، مەلا ئەحمەد حەسەن بۆ مەسەلەی خوێندن دەچێتە ولآتی میسری لەو دەمانەدا [١٩] . ئیدی لێرەش بەدواوە مەلا عارف هەر بە شێوازی کاتی و گرێ بەست ، وەك ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ناوبراو دەمێنێتەوە، تا دوای بەرپابوونی شۆڕشی( ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ) و بگرە دواتریش ئەوجا دەبێتە فەرمی ، وەکو خۆی دەنووسێت لە ( ٢٥ی ئەیلولی ١٩٦١ )دا ، فەرمانم بۆ دەردەچێت وەك ئەوەی خۆی لە ( ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦١ ) دا لەم بارەیەوە بەڕوونی دەنووسێت : ( چوومە بەعقوبە و ئەمری ئیداری ئیمامەت و خیتابەتم وەرگرت بۆ مزگەوتی ( مەجید بەگ ) و مەرسوومی جمهوری ژمارە ( ٤٩٩ ) لە ٢٥ / ٩ / ١٩٦١ دوە دەرچوو )) ، بە جۆرێك شان بەشانی خیتابەت و ئیمامەت و بەرنوێژی وانەشی تیا وتۆتەوە، بەتایبەتی بە زمانی کوردی و بایەخدانی بەم زمانەو بە زۆریش لە هەموو ڕۆژانێکی هەینی دا هەر بەزمانی کوردی خوتبەی داوەتەوە[٢٠]. لێرەش بە دواوە لەم مزگەوتەدا ماوەتەوە تا ئەوکاتەی لە سالی ( ١٩٨٢ ) دا بە شێوازێکی فەرمی خانەنشین دەکرێت و هاوکات هەر لەو سالەشدا ، لەگەل ڕابیعە خانی خێزانیدا پێکەوە بە مەبەستی حەجکردن سەردانی خانەی خودا دەکەن و لێرە بەدواوە دەبێتە حاجی مەلا عارف و ماوەیەکیش بە هۆی هەلگیرسانی شەڕی هەشت سالەی ( عێراق – ئێران ) دوە بەمالەوە دەچێتە شاری کەلارو دووبارە دەگەڕێنەوەو بە زۆری هەموو کاتی خۆی بە نوێژو خوا پەرستیەوە سەرگەرم بووە، جا لە بەرئەوەشی مالەکەیان لە گەڕەکی ( مەزرەعە ) ی شاری خانەقین بووە ، زیاتر هەموو نوێژەکانی لە مزگەوتی ( شێخ عەلی ) ئەو گەڕەکە کردووەو هەندێك جاریش لە کاتی ئامادە نەبوونی مەلای مزگەوتدا بەرنوێژی کردووەو تەنانەت دەرسیشی تیا وتۆتەوە[٢١].

لەسالی ( ١٩٩٧) دا ، کە باری دروستی بە هۆی هەلکشانی تەمەنیەوە زۆر خراپ دەبێت ، لەلایەن حکومەتی عێراق و دەزگای پۆلیسی خانەقینەوە کە لە جێگەدا دەبێت دەگیردرێت بە بیانووی ئەوەی کوڕەکانی لە دەرەوەی ولآتن و بەمال و منالەوە فەرمانی دوورخستنەوەیان بۆ دەردەچێت و ڕەوانەی شاری ( فەلوجە ) دەکرێن و بەلآم دوای چەند مانگێکی کەم لە دوورخستنەوەیان بەهۆی نەخۆشیەوە لە خەستەخانەی ( کندی ) شاری بەغدا و لە( ٢٤ / ٢ / ١٩٩٨ ) دا کۆچی دوایی دەکات و لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا لە گۆڕستانی ( پاشا کۆپری ) شاری خانەقین ئەسپەردەی خاك دەکرێت [٢٢].

## تەوەری دووەم / بەشێك لە بیرەوەریی و یاداشتەکانی ڕۆژانەی ( ١٩٤٧ – ١٩٧٥ ) :

بە پێی زۆربەی ئەو یادەوەریانەی ، کە مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیا ڕۆژانە و بە پێی دەرفەت کە سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەی خۆی و شاری خانەقین و دەورو بەری تۆماری کردوون ، گەلێك زانیاری زۆر ورد و سەربوردەی بایەخداریان تێدایە . کە دەکرێت ئەمڕۆ وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ سوودیان لێ وەربگیردرێت و لە تۆمارە مێژووییەکاندا پشتیان پێ ببەسترێت . جگە لە دەستنووسەکانی مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیا بیرەوەریەکانی ڕۆژانەی خۆی هەر لە سەردەمی لاوی و بە تایبەتی لەو کاتەوە نووسیوەتەوە ، کە حیزبێکی سیاسی وەك ( هیوا ) چالاکیە سیاسیەکانی لە باشووری کوردستاندا بەرەو نەمان و هەلوەشانەوە ڕۆیشتووە ، کە پێشتر ئەو ڕاستەوخۆ ، تیایدا ئەندام بووە، بە تایبەتی لەگەل هاوەلآن و کەسایەتیە دیارەکانی ئەودەمانەی ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقینی وەك : مەلا سەید حەکیمی خانەقین، ڕەشیدی ئیسماعیل

ئاغای باجەلآن ( ١٩٢٠- ٢٠٠١ )[٢٣] ، عەزیز پشتیوان ( ١٩١٢- ٢٠٠١ )[٢٤] ، شێخ محەمەد ئەمینی میرانی ( ١٩٠٦- ١٩٩٥ ) ، مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵلآی دەککە ( ١٨٨٠- ١٩٥٩ )[٢٥] ، مەلا عەباسی محەمەد سلێمانی خانەقین ( ١٩٠٤ – ١٩٨٥ ) مەلا عەزیزی محەمەد شاوازی زیرەك ( ١٩٢٨- ٢٠١٥ )[٢٦] .. تاد . یان ڕەنگە یادەوەری ڕۆژ ژمێری ڕۆژانەی تریشی هەبوو بێت ، بەلآم بە پێی ڕۆژگار هەموو تیا چووبێتن . هەموو ئەو دەستنووس و یادەوەریانەشی کە لە ڕێگای بنەماڵەکەیانەوە دەستی ئێمە کەوتوون ، باس لەوە ناکات کە ئەو ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەندام یان هەواداری حیزبێك یان ڕێکخراوێکی سیاسی بوو بێت لە کوردستاندا . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا و بە گوێرەی یاداشتەکانی ڕۆژانەی خۆی زۆر هاوەڵ و نزیکی هەموو ئەو کەسایەتیانە بووە کە ئەندام یان زۆر لە ڕێکخستنەکانی حیزبی هیواوە نزیك بوون لە شاری خانەقین و دەورو بەریدا . تەنانەت بە شێك لەوانەش خۆیان باسیان لەوە کردووە ، کە کەسایەتیەکی وەك مەلا عارفی مەلا یەحیا لە حیزبێکی وەك هیوادا کاری کردووەو هەرلە سەرەتاوە پەیوەندی بەڕیزەکانیەوە کردووە . بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنێکی مستەفا نەریمان ( ١٩٢٥- ١٩٩٤ )[٢٧] دا ، کە لە گۆڤاری ( ڕەنگین ) دا و لەگەڵ ڕەشیدی ئیسماعیل ئاغای باجەلآندا کردوویەتی بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە ، ئەو کەسایەتیانەی ، کە لە سەرەتاوە لە شاری خانەقین و دەوروبەریدا هاتنە ڕیزەکانی حیزبی هیواوە بە زۆری بریتی بوون لە: ( عەزیز پشتیوان ، مەلا سەید حەکیمی خانەقین ، مەلا عارف ، مەلا سلێمان ، وەستا ئەحمەدی جلدروو ، حەبیب نەوروز ، حەمە جافی بەرید ، حەمە ئەمینی دەربەند فەقەرە ، حەمە سەعید قەرەداغی و خەلیل بەگی دەلۆ ) و دواتر وردە وردە پەلمان بۆ دەورو پشتی خانەقین درێژکرد و ئینجا ئەم کەسایەتینەش پەیوەندیان بە هیواوە کرد : ( حاجی برایم بەگی جاف ، شەریف بەگی دەلۆ ، محەمەد سالح سلێمان ، وەسمان بەگی شەرەف بەیانی ..تاد )[٢٨].

وەك ئەوەی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا یاداشتەکانی ڕۆژانەی تاڕادەیەکی باش لەبەر دەستدان و بە سەلیقەی ئەو ڕۆژگارەی خۆی کە بە شێوازێکی زۆر سادەش دەستی پێکردووە و دەنووسێت ئەمڕۆ لە( ٢٥ ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ ) دا ، کە لە دوکانەکەیدا سەرگەرمی کەسابەت و مامەڵە کردن دەبێت دەنووسێت : ئەمڕۆ کەسابەتم باشبوو و بۆ چەند ڕۆژێکی دواتریش باس لەوە دەکات چاوم بە دەروێش حوسێنی خانەقین ( ١٩٠٤- ١٩٧٨ )[٢٩] کەوت . بەلآم لە بەهاری هەمان ساڵدا و بەتایبەتی لە ڕۆژی پێنج شەممەی ٢١ی مانگی مارتدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە ، کە چۆن لەگەڵ ماڵی هەریەك لە مەلا سەید حەکیمی خانەقین و سەید ئیبراهیمی سەید محەمەد حەسەنی برازایدا ، کە دوو کەسایەتی و دوو پیاوی ئایینی دیاری ناوچەکە بوون و بە ماڵەوەو وەك گەشتکردنێکی وەرزی بەهار سەردانی مەزاری ( باوە مەحموود ) ی لای گوندی ( باوە پلآوی ) یان کردووە لە نزیك شاری خانەقین . بەلآم لە ڕۆژانی ( ٤ - ٦ ) ی نیسانی هەمانساڵدا ، بە زۆری باس لە پەژارە و دەسکورتی و بێ کەسابەتی خۆی دەکاتەوە بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا و بۆ نموونە : لە بیرەوەریەکانی ڕۆژانەیدا و لە ( ٤ی نیسانی ١٩٤٧ ) دا ، دەنووسێت : ( ڕۆژێ بوو بێ ئەندازە بێ پارە بووم ، حەتا دینارێکم نەبوو نە لەماڵ و نە لە دوکان ) یاخود دەنووسێت : ( نهایەتی ناڕەحەتیم و عاجزیم بە واستەی قەرزاری و بێ پارەیی مەگەر خوا خۆی ڕەحم بکات ) . یان لە ٢٦ی ئابی هەمان ساڵدا دەنووسێت : ( غایەتی بێ پارەیم بە دەرەجەیەکە دینارێکم شك نە ئەبرد ) هەر بۆیە بارودۆخێکی وا ناچاری دەکات پەنا بباتە بەر قەرز کردن و بە زۆری ئەو کەسایەتیانەشی کە لەو دەمانەدا پەنایان بۆ دەبات و قەرزیان لێ وەردەگرێت لەئەندامە دیارەکانی پێشووی حیزبی هیوای هاوڕێی خۆی بوون ، لە ناوچەکەداو دواتر بە

ئەمانەتەوە بۆیان دەگێڕێتەوە لەوانە هەر یەك لە حاجی ئیبراهیم بەگی کوڕی سلێمان بەگی جاف لە گوندی دەککە ( ١٨٨٧- ١٩٥٢ )[٣٠] و مەلا عەزیزی محەمەدی شاواز ( ١٩٢٨- ٢٠١٥ ) لە ( ئاوایی سەوز بلاخ ) ی ناوچەی ( بنکوورە) نزیك بە شاری خانەقین . وەك ئەوەی لە چەند ڕۆژێکی دواتردا ، قەرزەکەیانی لە ( ٢٥ی ئەیلولی ١٩٤٧ ) دا دووبارە بۆ گەڕاندوونەتەوە [٣١].

## - ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی شاری بەغداو خانەقین لە یاداشتەکانی مەلا عارفدا ١٩٤٨ :

مەلا عارفی مەلا یەحیا لە بیرەوەرییەکانی ساڵی ( ١٩٤٨ ) یدا و بە تایبەتی لە ڕۆژی سێشەممەی ٢٧ ی مانگی کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا ، وای بۆ تۆمارکردووین ، کە : ( ئەمڕۆ سێ شەممە موزاهەرەیەکی بەشیدەت لە شاری بە غدا هەڵگیرسا و بە دەرەجەیەك ، نیهایەت کوژرانی ئەهالی و پۆلیسی لێ کەوتەوە . هەروەها بووە مایەی ئەوەی کە ساڵح جەبر ( ١٨٩٥ – ١٩٥٧ )[٣٢]ی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەست لە کار بکێشێتەوە ) ، بۆ ڕۆژانی دواتریش بە تایبەتی لە: ( ڕۆژی پێنج شەممە ٢٩ ی کانوونی دووەمی ٩٤٨ دا محەمەد سەدر وەزارەتی پێك هێنایەوە ) . هاوکات بە پێی هەواڵە جیهانیەکانی ئەودەمانە و لە ڕۆژی هەینی ٣٠ کانوونی دووەمی هەمانساڵدا لە یاداشتەکانی دا دەنووسێت : ( ئەمڕۆ غاندی کوژرا ) و بۆ ڕۆژی دواتریش واتە ڕۆژی شەممە ٣١ی مانگی کانوونی دووەم دەنووسێت : ئەمڕۆ لە مەراسیمێکدا غاندی سوتێنرا . بەلاّم لە کۆتایی مانگدا و لە ڕووی کەسابەت و ئاڵوێرەوە وای هەڵ دەسەنگێنێت کە هەرچەندە : ( مانگی ڕابردوو کەسابەت زۆر کەساد بوو ، موشاغەبە زۆر بوو ، موزاهەرە لە شاری بەغدا هەشت ڕۆژی تەواوی خایاند و دەوامی کرد و نزیکەی سەدو پەنجا کەس کوژرا و وەلحاسڵ مانگێکی شووم بوو ) . هاوکات بە درێژایی مانگی شوباتی ئەو ساڵە لە شاری خانەقین ئەبێت و سەفەری هیچ شوێن و جێگەیەکی تری نەکردووە، تەنها ئەوەیان نەبێت ، کە لە ڕۆژی هەینی ٢٠ی مانگی شوباتدا ، بەیاوەری لەگەڵ مەلا سەید حەکیمی خانەقینی هاوڕێی و دۆستی زۆر نزیکیدا ، بە سەردانێك دەچنە گوندی دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگی سلێمان بەگی جاف و لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەك وەسفی ئەو مانگەی کردووە ، کە جۆرێك لە بووژانەوە و ئاڵوو ویر ڕووی لە بازاڕ بەگشتی و بازاڕی شاری خانەقین کردووە ، وەکو ئەوەی نووسیویەتی : ڕۆژی هەینی کە دەکاتە ١٩ی مانگی مارت :( داوام لە شێخ مستەفای کوڕی شێخ حەمیدی تاڵەبانی ( ١٨٨٧- ١٩٧١) کرد بە قەرز بێت یان بە شەریکی مقدارێك پارەم بداتێ ، بەلاّم ڕازی نەبوو ) هەرچەندە بەسەر یەکەوە و بە لێکدانەوەی خۆی وای هەڵسەنگاندووە کە ئەم مانگە :( مانگێکی موناسیب بووە بۆ کارو کاسبی ) .

لە شاری خانەقین و دەورو بەریدا لە کاتێکیشدا و بە تایبەتی لە ( ٥ ی نیسانی ١٩٤٨) دا شاری خانەقین ڕاپەڕینێکی جەماوەری تیا سەرچاوە دەگرێت . ئەمەش زیاتر لە دەرئەنجامی ئەو قات و قڕی برسێتییەوە سەری هەڵداوە ، کە تەواوی وڵاتی عێراق و تەنانەت شاری خانەقینیشی گرتۆتەوە ، هەر لەم کاتەشدا زۆرێك لە سەرمایەداران و دەوڵەمەندەکانی شاری بەغدا لەوانە گەورە بازرگانێکی وەك : ( شەفیق عەدەس ) برنج و خۆراك و دانەوێڵەیەکی زۆریان لە گومرگ و لە وێستگە( محگە ) ی شەمەندەفەری ئەوکاتەی شاری خانەقیندا هەڵگرتبوو . بەتایبەتی ئەو هەموو برنج و خۆراك و دانەوێڵەی کە لەو دەمانەدا ، گەورە پیاوی ناسراوی جوولەکەی شاری خانەقین ( موشی حایی )[٣٣] وەکیلی سەرەکی دەبێت و هاوکات خەڵکی نەدار و برسی شاریش ، زۆر بە ناچارییەوە هێرشی دەکەنە سەر ، هەرچەندە پێش وەخت هەریەك لە مامۆستا عەزیز پشتیوان و مەلا

عارفی مەلا یەحیا بە ناوی کۆمەڵانی خەڵك و دانیشتوانی شاری خانەقینەوە ، دەچنە لای قائممقامی شار کە لەو دەمانەدا : ( تۆفیق موختار )[٣٤] دەبێت داوای ئەوەی لێ دەکەن ، کە کارێکی وابکرێت کۆتایی بەو قۆرخکاریە بهێنرێت و چارەسەرێك بۆ ژیانی ئەو خەڵکە بدۆزرێتەوە . بەڵام هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نابێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ، کە دانیشتوانی شاری خانەقین پەلاماری بنکەی گومرگی شارەکە بدەن و تالانی بکەن ، وەك ئەوەی مامۆستا مەلا عارف لەم بارەیەوە دەنووسێت : ( ڕۆژی دووشەمەی پێنجی نیسانی ساڵی ١٩٤٨ دا موزاهەرەیەکی بەشیدەت لە شاری خانەقین ڕوودەدات و دەبێتە هۆی بە تالان بردنی گەنم و برنجی مووشی حایی لە بنکەی گومرگ ) ی شاری خانەقین و تەنانەت کەسایەتیەکی وەك محەمەد محەمەد ئەمینی دەربەند فەقرەیی ( ١٩٢٣- ٢٠٠٤ )[٣٥] کە لەو دەمانەدا لە شاری خانەقیندا ژیاوەو زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکە بووە ، لە یادداشتەکانی خۆیدا دەنووسێت : جەماوەر پێش ئەوەی پەلاماری مەحتەی قیتارو گومرگ بدەن سەرەتا چوونە بەردەم ماڵی قائممقامی شار داوای گەنمیان دەکرد ، قائمقامیش ڕویان لێ دەکاو دەڵێت : ( الحنطة مو بجيبی – گەنم لە گیرفانی منا نیە )[٣٦]. بەڵکو گەنم لە مەحەتەو گومرگایە هەر بۆیە کۆمەڵانی خەڵك ئاراستەی خۆپیشاندانەکەیان دەگۆڕن ڕوو لە هەردوو شوێنی ناوبراو دەکەن دەکەونە تالانی دەکەن . هاوکات مامۆستا عەزیز پشتیوانیش کە لەو دەمانە هەر لە شاری خانەقیندا بووەو لەبارەی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی شارەوەو لەچوار چێوەی دەستنووسەکانی خۆیدا ، جەختی لەسەر ئەم بارودۆخەی شاری خانەقین کردۆتەوەو دەنووسێت : جەماوەری شار بەجارێك هێرشیان کردە سەر مەحەتە( وێستگە ) ی قیتاری شارو نزیکەی ( ٥٥٥ ) فەردە گەنم و( ٥٥ ) فەردە برنج بەجارێك هەر هەمووی لە لایەن کۆمەڵانی خەڵك و دانیشتوانی شارەوە بە تالانی برا[٣٧].

بەجۆرێك دەنگ دانەوەی بارودۆخێکی لەم بابەتەش ، دەبێتە مایەی ئەوەی زۆرێك ، لەوانەی کە دەستیان لەم هەڵچوونە جەماوەریەدا دەبێت ، لە لایەن کار بەدەستان و فەرمانڕەوایانی حکومەتی عێراقەوەلە شاری خانەقیندا ، دەگیرێن وەك ئەوەی لە یادداشتەکانی : ( مەلا عارف و عەزیز پشتیوان ) دا هاتووە هەریەك لە : سەید ئیبراهیم سەید ئیسماعیل ، عەباس قەرە ، مەجید حەمەلاڵ ، عەزیز پشتیوان ، عەزیز تاهیر دای زادە ، عەبدوڵڵا قەرەداغی ، محەمەد محەمەد ئەمینی دەربەند فەقرەیی ، ڕەشیدی ئیسماعیل ئاغای باجەڵان ، مەلا عەبدوڵڵا عەباس ، سلێمان فیتەر و کۆمەڵێك خەڵکی تر ، بۆ ڕۆژی دواتر واتە بۆ ( ٦ ) ی مانگی نیسانی هەمان ساڵ ، بە بەندکراوی زۆربەی زۆریان دەگوێزرێنەوە بۆ شاری بەعقوبە و ماوەیەکی زۆر لە ژێر چاودێریدا دەمێننەوە، بە ڕادەیەك ، لە ١٢ی مانگی نیساندا مەلا عارف لە یادداشتەکانیدا باسی لەمە کردووەو لەم بارەیەشەوە دەنووسێت : ( ئەمڕۆ چووین بۆ بەعقوبە بۆ لای ئەو برادەرانەی کە حەبس بوون لەسەر موزاهەرەکەی پێنجی نیسانی شاری خانەقینی ١٩٤٨ ) . هەروەها لە ڕۆژی یەك شەممەی ( ١٨ ) ی نیساندا مەلا عارفی مەلا یەحیا لە بیرەوەری ڕۆژانەی خۆیدا دەنووسێت و ئەوەدەگێڕێتەوە : ئەوانەی کە لەسەر موزاهەرەکە گیرابوون بە غەیری سەید ئیبراهیم ، عەباس قەرەو مەجیدی حمەلاڵ و ئەوانی دی مەرەخەس بوون . بەڵام لە باسکردن و مەسەلەی بەربوونی پارێزەر ڕەشیدی ئیسماعیل ئاغای باجەڵاندا لە ٢٢ ی کانوونی یەکەمی هەمانساڵدا دەنووسێت : ( ئەمڕۆ ڕەشید باجەڵان لە حەبس بەر بوو ) . ئەمەش بۆخۆی دەلالەت لەوە دەکات ، کە فەرمانڕەوایانی پاشایەتی عێراق دوای لێپێچینەوەو بە دواداچوونێکی ورد ئەوسا ، کەوتوونەتە ئەوەی ناو بەناو هەموو گیراوەکانی ساڵی ١٩٤٨ ی شاری خانەقین بەربدەن [٣٨].

## - درێژەی یادداشت و بیروەریی یەکانی مەلا عارف لە ساڵانی دواتردا :

لە کۆتایی دەستنووسەکانی ساڵی ( ١٩٤٨ ) یدا ، سەرەڕای ئەوەی بە وردی باسی لەوە کردووە، کە دووبارە بارودۆخی بازاڕو چالاکی کاروبار کەوتۆتەوە سەرسکەی خۆی ، لەگەڵ ئەوەشدا لە ( ٢٩ی ئەیلولی ١٩٤٨ ) دا باسی لە دادگایکردنی کەسایەتی ناسراوی ناوچەی خانەقین مەلا محەمەدی شەمیرانی ( ١٨٩٨– ١٩/ ٥ / ١٩٨٢ )[٣٩] دەکات و دەنووسێت : ( موحاکەمەکردنی مەلا محەمەدی شەمێرانی و سوڵحکردنیان لەگەڵ عەلی ناجی )دا ، کە ئەمەش مەبەستی لە عەلی ناجی گەورە کەسایەتی و دەوڵەمەندی شاری سلێمانی ئەو دەمانەیە. بەڵام تا ئێستا نازانرێت وردە کاری مەحکەمەکردنیان لەسەر چی بووەو ئایا کەسایەتیەکی وەك عەلی ناجی لەو دەمانەدا چی گەیاندویەتیە شاری خانەقین . هەروەها لە دوا بڕگەی تۆمار کراوەکانی ساڵی ( ١٩٤٨ ) یداو لە ٩ی کانوونی یەکەمی هەمانساڵدا دەنووسێت : ( ئەمڕۆ حەمیدی ڕەشە ڕاوچی لە تەوقیف دەرچوو ). بەڵام لە یاداشتەکانی ساڵی ١٩٤٩ یدا و بەتایبەتی لە ٢٢ی کانوونی دووەمدا ، باس لەوە دەکات ، کەچۆن نامەیەکی بۆ هاوڕێیەکی خۆی نووسیووە لە وڵاتی فەلەستین بە ناوی ( عەبدوڵڵای تۆفیق حاجی ) وە کە لەو دەمانەدا لەوێ سەرباز بووە . شانبەشانی ئەوانەش باسی ئەوەمان بۆ دەکات ، کە لە ( ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٩ ) دا ، لە شاری خانەقینی ئەودەمانەو دەوروبەریدا بڕی چوار ئینج بەفر باریوە و بەماوەیەك دوای ئەوەو هەر بەپێی یاداشتەکانی باسی هاتنی مامۆستا عەلائەدینی سەجادی دەکات ، کە لە شاری بەغداوە دێتە شاری خانەقین و لای ئەوان دەمێنێتەوە [٤٠].

بەڵام لەچەند مانگی داهاتوودا کۆمەڵێك وردە ڕووداوی کۆمەڵایەتی ناو شاری خانەقین و دەورو بەری بەوردی تۆماردەکات و یەکێك لەوانەشیان لە ١٧ی مارتی هەمانساڵدا باسی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەمڕۆ واتە ( ١٧ی مارت ) هومەیلەی کچی مەلا ئەحمەدی ڕەشید ئەفەندی ، کە دەکاتە برای نوری ڕەشید ئەفەندی وەکیلی زەوی و زارەکانی شا فەیسەڵی یەکەم ( ١٨٨٣ - ١٩٣٣ ) لە گوندی ( محەمەد شێربەگ )ی سەر بە شاری خانەقین لە مەراسیمێکی شەکراو خواردنەوەدا ، مارەدەبڕدرێ وەکو خۆی نووسیویەتی : ( نیکاح دەکرێ ) بۆ شێخ نیزامەدینی کوڕی شێخ نەجمەدینی کوڕی شێخ شەمسەدین [٤١]. بەڵام ( ١٤ی نیسانی ١٩٤٩ ) دا ، باسی لەوەکردووە ، کە لە بازاڕی شاری خانەقیندا فانۆسێکی واتە چرایەکی بە بڕی (٧٥٠ ) فلس بۆماڵەوە کڕیوەو هەر لەو سەرو بەندەشدا ،ماڵیان باری کردۆتە گەڕەکی مەزرەعەی شاری خانەقین ، ئەوەشی کە زیاتر گرنگ بێت لە ماوەی داهاتووداو ، لەچوارچێوەی یادداشتە ڕۆژانەییەکانیدا تۆماری کردبێت ، ئەوانەش گێڕانەوەو تۆمارکردنی هەواڵی نەخۆش کەوتنی کەسایەتی ناسراوی شاری خانەقین و ڕیزەکانی پارتی هیوای ناوچەی گەرمیان و خانەقین مەلا سەید حەکیمی خانەقینیە ، کە لە ١٥ی کانوونی یەکەمدا و هەروەها دووبارە بێهۆش کەوتن و گەیاندنیەتی بۆ لای دکتۆر لە ( ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٩ )دا ، سەرەڕای تۆمارکرنی ڕۆژ و کاتی مردنی سەرۆکی هۆزی جاف کەریم بەگی جاف ( ١٨٨٥- ١٩٤٩ ) لە ( ١ی تەمموزی ١٩٤٩ ) دا ، وەك ئەوەی لە درێژەی یادداشتەکانی دا هاتووە [٤٢]. بەڵام لەڕۆژ ژمێری ( ١٩٥٠ ) یدا ئەوەی ، کە نووسیویەتی و بە وردی تۆماری کردوون . زیاتر پەیوەندیان بە لایەنی زۆر شەخسی خۆیەوە هەیووە بۆ نموونە: لە ڕۆژی شەممەی ١٩ی مانگی کانوونی دووەمیدا دەنووسێت : ( ڕۆژێك بوو زۆر نارەحەت بووم بە دەرەجەی نیهایەت لە بەغدا داوای قەرزم لێ ئەکرا بڕی ( ٢٠ ) دینار بۆیە ناچار بووم بڕێك برنجم بە خەسار فرۆشت کەچی هێشتا بۆم جێ بەجێ نەکرا ) . سەرەڕای باسکردنی بارودۆخی نەهاتی و بەرز بوونەوەی نرخ و گرانی بازاڕ ، وەك ئەوەی لەو دەمانەدا وای

تۆماركردووە كە نرخی یەك ( هووقە ) ڕۆن لە بازاڕی شاری خانەقیندا ، گەیشتۆتە ( ٦٥٠ ) فلس و هاوكات ئەوەشی نووسیوە كە گوایە : بەعزێ كەس سەندویانە واتە كڕیویانە بە ( ٦٠٠ ) فلس . لەگەڵ ئەوەشدا باسی خۆرگیرانێك دەكات لە ١٢ی مانگی شوباتدا لە سەعات شەشەوە تا سەعات هەشتی بەیانی . بەهەمان شێوەی ساڵی ١٩٥٠ لە ڕۆژ ژمێری ( ١٩٥١ ) دا نووسین ووردەكاری ڕۆژانەی كەم تۆماركردووە . بە زۆری هەرچی نووسی بێت زیاتر بابەتی ڕۆژانەیی سەرپێین . هەرچەندە وەكتر هەندێك ڕووداو و ساڵی وەفاتی كەسایەتیەكانی شارو ناوچەكەی بەوردی نووسیوەو هەریەكەو بۆ خۆیان نرخی مێژوویی زۆر باشیان هەیە .بۆ نموونە لە ڕۆژی دوو شەممەی ( ٢ی نیسانی ١٩٥١ ) دا نووسیویەتی : ( چوونمان بۆ ئاوایی قەرەبلاّغ بۆ تەعزیەی شێخ نازمی كوڕی شێخ وەهابی تاڵەبانی )[43] و لە ٢٣ی مانگی تەممووزیشدا باس لەوە دەكات كە: ( ئەمڕۆ عەبدولوەهاب خەتیب وەك قائمقامی شاری خانەقین )) دەست بە كاربووە. كەچی لە ڕۆژی شەممەی ٤ی ئابدا باس لەوەدەكات كە : ( ئەمڕۆ من و مەلاسەید حەكیمی خانەقین بانگ كراین بۆ شورتە و هەریەكەو دوو وێنەیان لێ وەرگرتین ). بەڵام لە ڕۆژی دووشەممەی هەمان مانگدا ، كێشەیەكی كۆمەڵایەتی برزایەكی خۆی دەگێڕێتەوە بە ناوی ( وەجیهە)دوە، كە لە دوای خنكانی باوكیەوە لە ڕووباری ( ئەڵوەند ) چۆن كەوتۆتە لای ئەم و بەخێوی كردووەو دوای گەورە بوونی بە مێردی داوەو پاشان كێشە خێزانیەكانی بۆتە مایەی ئەوەی كە هەر یەك لە مەلاسەید حەكیمی خانەقین و مەلا كەریم لە بارو دۆخی تێكەوتوون و یارمەتیان داوە . بە جۆرێك هەر لە هەمان مانگی ئابدا ، وەفاتكردنی هەریەك لە دەروێش كەریم لە خەستەخانەی ئەوكاتەی شاری خانەقین لە ٢٣ی مانگی ئاب و وەفاتكردنی مەلا عەبدولڕەحمان لە ( ٣١ی ئابی ( ١٩٥١ ) دا تۆمار كردووە[44] .

كەچی لە تەواوی ڕۆژ ژمێری ( ١٩٥٢ ) دا نازانرێت ، هۆكاری چی بووە بەوەی ڕوداوكی ئەوتۆی تۆمارنەكردووە ، جگەلەوەی لە ( ١٨ی نیسانی ١٩٥٢ ) دا ، كۆچی دوایی حاجی ئیبراهیم بەگی جافی لە ناوچەی دەككە تۆماركردووەو لە ڕۆژی هەینی ٢٦ی مانگی مایسدا نووسیویەتی : ( چووین بۆ دەككە بۆ سەر چلەی حاجی ئیبراهیم بەگ ) و بە ماوەیەك ، دواتر لە ڕۆژی چوارشەممەی ٢٨ی حوزەیراندا ، وەفاتكردنی شێخ حیسامەدینی لە دوای نوێژی مەغریبەوە تۆماركردووە لەگەڵ لەدایك بوونی یەكێك لە كوڕەكانی بەناوی ئیبراهیمەوە لە ٢٩ی تەممووزی هەمانساڵدا . بەڵام لە ڕۆژ ژمێری ( ١٩٥٣ ) داو لە چوارچێوەی یاداشتەكانی دا ، هەرچەندە وردەكاری ڕووداوەكانی ئەوساڵەشی بە كەمی نووسیوە. هاوكات هەندێ زانیاریان تێدایە لە نرخی مێژوویی و بایەخی مێژوویی بە دەرنین . بە تایبەتی ئەوانەیان كە پەیوەندیان بە ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقینەوە هەیە . سەرەتا بەلایەنێكی تەندروستی دەست پێ دەكا لە ٢٣ی كانوونی دووەمدا دەنووسێت : ( زاور ( زاڵە ) گا لەگەڵ ئاوی كەرەوز ئەگەر تێكەڵی بكەی نەفعی هەیە بۆ مایەسیری ) . بەڵام لە (١٠ ی مارتی ١٩٥٣ ) دا ، ڕۆژی مردنی كەسایەتی شاری خانەقین ( شێخ مارف ) ی تۆماردووە كە دەبێتە ، باپیری شێخ عەبدولقادری كوڕی مەلا غالیبی كوڕی شێخ مەعرووفی بەڕێوەبەری مەعاریفی لیوای دیالە و عەلی كوڕی شێخ عەبدولقادری بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری خانەقین لە شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ بەدواوە[45]. بەماوەیەك دوای ئەوەو لە مانگی نیساندا، بەمەبەستی سەردانی كردنی محەمەدی قزڵجی تورجانی زادە ( ١٨٩٢- ١٩٥٩ ) ، كە ماوەیەك كرایە مفتی عێراق سەردانی بەغدا دەكات و لەو بارەیەوە دەنووسێت : ( چوونم بۆ شاری بەغدا بۆ لای مامۆستا محەمەدی قزڵجی ) . لە نووسینەكانی داهاتوویداو بەتایبەتی لە ١٣ی ئەیلول و ١٥ی ئەیلولی ئەم ساڵەوە ڕۆژی ژن هێهێنانی مەحموودی وەستا غەفووری خەیاتی شاری خانەقین و هەروەها مێردكردنی ئایشی كچی

مەلا سەید حەکیمی خانـەقین بـە ئیبراهیمی حـاجی فـەتاح ( ١٩٣٢- ١٩٨٧ )ی کـادیری ناسـراوی حیزبـی شـیوعی عێـراق لـە ناوچـەی گـەرمیان و جەلـەولا تۆماردەکـات و لـە ( ١١ی تشـرینی دووەمـی ١٩٥٣ ) دا ڕووداوی : ( خـۆ کوشتنی ئەحمەد ڕۆستەم خانی برای ساڵح ڕۆستەم خان ) دەکات و هەروەها لە ١٦ی کانوونی دووەمدا دەنووسێت : ( مەلا سەید حەکیمی خانەقین لە شاری بەغدا عەمەلیاتکرا ) و دواتـر لـە ٢٢ی هـەمان مانگـدا دەنووسـێت : ( هێنانەوەی مەلا سەید حەکیم لە عەمەلیاتی شاری بەغدا )[٤٦] .

جگـە لـەوەش لـە درێـژەی ڕۆژ مێـری ( ١٩٥٤ ) دا ، وردە کـاری چـەند ڕوداوێـك دەگێڕێتـەوە ، کـە بـە زۆری پەیوەنـدیان بـە ژیـانی کرێچـێتی و ڕۆژانـەی خـۆی و بـارکردنی لـەم گەڕەکـەوە بـۆ گـەڕەکی دی و مەسـەلەی دەستکورتی و هەژاری خۆیـەتی ، کـە هـەموو ئەوانـەش دەلالـەت لـەوە دەکـەن و وەکـو زۆرێـك لەوانەشـی کـە لـە نزیکەوە ناسیویانەو تا ئەودەمانە ، مەلا عارف هێشتا خاوەنی خانوویەکی تایبەت بەخۆی نەبووەو بـەردەوام لـە بێ خانوویی و ژیـانی کرێچـێتی دا بردوویەتیـە سـەر . بـەڵام لـە( ١٩ی کـانوونی دووەمـی ١٩٥٤) دا ، وردەکـاری کەوتنـــەخوارەوەی فڕۆکـــەی ئەفســـەری فڕۆکـــەوانی خانـــەقینی محەمـــەد ئەحمـــەد بـــەیاتی ( ١٩٢٣ — ١٩٥٤ )[٤٧] دەگێڕێتـەوە ، کـە چـۆن لـەڕوداوێکی ئـاڵۆز و تەمومژاویـدا لـە ( حەبانیـە ) گیـانی لـە دەسـت داوە. پـاش ئـەوە بەچەند مانگێك و بە داخێکی زۆرەوە ، لـە ( ٢١ی مـارتی ١٩٥٤ ) دا هـەواڵی مردنـی کـە سایەتی ناسـراوی کـورد شێخ عەلائەدینی کوڕی شێخ عومەری تەوێڵە ( ١٨٦٣- ١٩٥٤ ) دەنووسـێت و بـە خەسـارەتێکی گـەورەی لـە قەڵـەم دەدات . دوا بەدوای ئەمە لەگەڵ سەید ئیبراهیمی ئامۆزای مەلا سەید حەکیمدا پێکەوە سەردانێکی بەغدا دەکەن و شەو لە ئوتێل ( العاصمە )ی ئەوکاتـە دەمێننـەوە شـەوی بـە ( ٣٠٠ ) فلس ، ئەمـەش بـۆ خـۆی دەلالـەت لـەوە دەکات کە لەو دەمانەدا لە بەغدا نرخی مانەوەی شەوێکی ئوتێل لە سنووری چەندا بووە ، ئیدی لەمە بەدواوە و لە ( ١٩٥٤ ) دا ، شتێکی ئەوتۆی نەنووسیوە [٤٨]. بەڵام لەگەڵ داهاتنی ( ١٩٥٥ )دا ، بەهەمان شێوازی ساڵانی تـر نـاو بەناو وردەیادگار و تێبینی ڕۆژانەی خۆی دەنووسێت و لەماوەی ئەم ساڵەشدا ، هەنـدێك گۆڕانکـاری لـە ژیـانی دا ڕوودەدات و عەلائەدین سـەجادی زۆر جار سـەردانی دەکاو بـۆ مەسـەلەی دامەزرانـدنی بەشـێوازێکی فـەرمی لـە مزگەوتی ( مەجید بەگ ) ی خانەقین وەك خـۆی باسـی لێـوەکردووە ، زۆر هاوکـارو یارمـەتی دەری بـووە . وەك ئـەوەی لـە ( ٢٣ی مـارتی ١٩٥٥ ) دا ، عەلائـەدین سـەجادی دێتـە خانـەقین و لای دەمێنێتـەوە، بـەزۆری ئەمـە لـە کاتێدایە ، کە مامەڵەی دامەزراندنەکەی لە نێوان ئەوقافی لیوای باقوبەو وەزارەتی ئەوقافی بەغدا دایە . ئەووەش دوای ئـەوەی ، کـە مـەلا ئەحمـەد حەسـەنی ئیمـامی مزگـەوتی ( مەجیـد بـەگ ) سـەرگەرمی سـەفەرکردنە بـۆ دەرەوەی وڵات ، ناو بەناو و بە شـێوازێکی کـاتی کاروبـاری مزگەوتەکـە بـەڕێوە دەبـات . بـۆ نموونـە لـە سـەرەتای نیسانی ئەم ساڵەدا دەنووسێت : ( دوای ئەوەی مەلا ئەحمەد حەسەن بۆ ماوەی دەرۆژ ئیجازەی ڕەسمی وەرگرت و ڕۆیشتە بەغدا ، بۆ تەواو کردنی کارەکانی لـەو ماوەیـەدا بەوەکالـەت لـە جێـی ئـەو ئیمامـەتم کـرد ) . لـە چـەند ڕۆژێکی دواتردا نووسیویەتی : ( ئامادەبوونم لە مەجلیسی عیلمی بەغـدا بـۆ ئیسپاتی ئەهلیـەتم بـە مەبەسـتی ئیمامەتیم و بڕیـاری لـە سـەردرا ) . دوای ئـەم هـەموو ئامادە کاریـە لـە ( ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٥ ) دا باسـی لـەوە کردووە کە لە ( ٦/ ٦ / ١٩٥٥ )دا ، بە فەرمانی ژمارە ( ١٢٣٤ ) لە بەغداوە گەیشتۆتە باقوبەو دوا بەدوای ئەمەش ، وەڵامی فەرمانی دەست لە کار هەڵگرتنی مەلا ئەحمەد حەسەن لە ئیمامەتی مزگەوتی مەجیـد بـەگ لـە شـاری بەغداوە دەگاتەوە شوێنی مەبەست ، ئەمیش واتە مەلا عارف لە ( ١٣ی تەمموزی ١٩٥٥ ) دا ، بەشێوازێکی فەرمی ئەبێتە ئیمام خەتیبی مزگەوتەکە و دوای تەواو کردنی ئەم هەموو لێپێچینەوە ئیداری و یاساییە مەلا ئەحمەد

حەسەن: لە ( ٣ی ئابی ١٩٥٥ ) دەگاتە میسر و لە وێشەوە نامەیەکی بۆ دەنێرێت ، وەك ئـەوەی لـە بڕگەیـەکی دا نووسیویەتی : ( هاتنی نامەی مەلا ئەحمەد حەسەن لە قاهیرە) وە . بەلاّم ئەوەی کە زیاتر دڵتەنگ و دڵ گرانی دەکات ، وەك خۆی دەنووسێت دوای یەك مانگی تەواو ئاگاداریان کردم بـەوەی کـە : ( فخـر العلمـاء )ی خـاڵۆم لـە شاری سنەی ڕۆژهەلاّتی کوردستان کۆچی دوایی کردووە ، کە ئەمەش بۆ خۆی دەکاتە مەلا محەمەد سالّحی مـەلا محەمەدی شەیخولئیسلامی سنە واتە ئامۆزای باپیری مەلا عارف ( مەلا عەبدولعەزیز ) و هاوکات باوکی دایکی مـەلا عـارف وەکـو پێشـتریش ئامـاژەی بـۆکرا ، کـە نـاوی مەسـعودە مـەلا محەمـەد سـالّح مـەلا محەمـەدی شەیخولئیسلامی بووەو هاوکات دەبێتە باوکی دایکی ڕوونـاکبیری ڕۆژ هـەلاّتی کوردسـتان شـوکرڵلاّی بابـان ، کـە ناوی ئامینە خانی کچی مەلا محەمەد سالّح بووە [٤٩].

لە سەرەتای ( ١٩٥٦ )دا بەوە دەست پێ دەکات ، کە چۆن نـاو بـەناو نامـەو هەواڵپرسـین لـە نێـوان ئـەم و مـەلا ئەحمەد حەسەنی دۆستیدا دەست پێ دەکاو لە ولاّتی میسرەوە لە بارودۆخی ئەم دەپرسێت و ئاگایـان لـە ژیـانی یەکتربووە . وەك ئەوەی لە ( ٢ی مارتی ١٩٥٦ ) دا ، بە پەژارەیەکی زۆرەوە باسی مردنـی پـورێکی مـەلا ئەحمـەد کردووە، بە ناوی ( ڕەعنا )، لە ئـاوایی ( کـارێز ) ی دەورو بـەری خانـەقین . شانبەشـانی ئەوانـەش لـە ڕوداوێکـی ئالۆزدا باس شێخ نیزامەدینی کوڕی شێخ نەجمەدین دەکات ، کە لە بارودۆخێکی تەم و مژاویـدا، لـە یـەکێك لـە ئوتێلەکانی بەغدا ، لە ( ٣١ی ئـابی ١٩٥٦ )دا کۆچی دوایی کـردووە ، کـە دەبێتـە بـرا گـەورەی دکتـۆرە ئەختـەر نەجمـەدینی وەزیـری خوێنـدنی بـالاّی پێشووی حکومـەتی کوردسـتان و زاوای مـەلا ئەحمـەد ڕەشـید ئەفەنـدی خەڵکی گوندی ( محەمەد شێربەگ )ی لای خانەقین . بەلاّم ئەوەی کە زیـاتر نیگـەرانی کـردووە لـە کۆتـایی ئـەم سـاڵەدا ، مردنـی شـێخ مـەحمودی حەفیـد ( ١٨٨٢- ١٩٥٦ ) بـووە ، وەك خـۆی نووسـیویەتی لـە خەسـتەخانەی ( ئەلحەیدەری ) شاری بەغـدا و لـە( ١٠ی تشرینی یەکـەمی ١٩٥٦ ) دا [٥٠]. سـەرەڕای بایەخـدانی ، بـەو هێرشـە سـێ قۆڵیەی ، کە بەریتانیا و فەرەنساو ئیسرائیل کردوویانەتـە سـەر میسـر لـە ( ٣١ی تشـرینی ١٩٥٦ ) دا . بـەلاّم ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٥٧ ) زۆر کەمی تیا نووسیوە . بۆ نموونـە لـە ( ١٥ی نیسـانی ١٩٥٧) دا نووسـیویەتی : ( تـا پـازدە ڕۆژی تـریش هێشتا دەست بە دروێنەکردنی جۆ ناکرێت ) لەوە زیاتر نووسینی سـەرنج ڕاکێش نـابینین . بـەلاّم ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێ و ئەو تۆماری کردبێت ، مێژووی کۆچی دوایی مەلا سەید حەکیمی خانەقینـە ، وەك لە بارەیەوە نووسـیویەتی: ( وەفاتکردنی مـەلا سـەید حـەکیمی خانـەقین لـە سـەعات ١٢ی شـەوی شـەممە لەسەر یەشەممەی ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٧ )[٥١].

## - بیرەوەرییەکانی مەلاعارف لە ماوەی ١٩٥٨- ١٩٧٥:

لـە ڕۆژ ژمێـری ( ١٩٥٨ )دا زۆر وردە سـەرنج و هاوکـات گـەلێك ڕووداوی مێـژوویی ناوچـەی خانـەقین و دەوروبەری تاڕادەیەك بەباشی نووسیوەتەوە، بەسەریەکەوە دەتوانرێت وەك کەرەسـتەیەکی خـاوی مێـژوویی لـە ئێستاو دوا ڕۆژدا سوودیان لێ وەربگیردرێت و ببێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زەخیرەی مێژوویی و زانستی . ئەوەتا هەر لە سـەرەتای سـاڵەوەو وەك هـەر کارەسـاتێکی تـری سروشـتی ، کـە لـەو دەمانـەدا سەرچاوەکانی ڕاگەیانـدنی عێراق خۆشیان بایەخیان پێ دابێت، بارینی ئەو بارانە بەهێزەبووە ، کە لەوساڵەدا بۆتە هۆی هەلاّیسانی لافاو و زیـانێکی گـەورەی لـە دانیشـتوان و خـەڵکی شـارەکانی سـەعدیە ( قزرەبـات ) ، جەلـەولا و شـاری خانـەقین داوە ، بەڕادەیەك ژمارەیەك هاولاّتی بەهۆی لافاوەوە گیانیـان لـە دەسـت داوە . وەك ئـەوەی لـە ( ٥ی کـانوونی دووەمـی

١٩٥٨ ) دا نووسیویەتی: ( ئەمشەو بارانێکی بە شیدەت بوو ، زۆر ماڵ و دووکانی خراپ کرد و تەنانەت کونی کۆپریە کانیشی هەموو پڕکردەوە، بەڕادەیەك تا ئێستا لافاوی وا نەهاتووەو مەکینەی ئاوو کارەبای بە تەواوی خراپ کردو زەرەرێکی زۆری داوە لە شارەکانی سەعدیەو جەلەولا و زۆریانی لێ خنکان لە ژێر خانوا ، ئەما لە خانەقین زەرەری نفووسی نەدا . بەڵام باخو خانوویان زۆریان خراپ بوو )[٥٢]. بەڕادەیەك عەلائەدین سەجادیش بەهۆی ئەوەی خزم و کەس و کاری لەم شارەدا بوون ، بە بایەخەوە باسی لێوەکردووە و ڕێژەی زەرەر و زیانی بەوردی خەملاندووە، وەك ئەوەی نووسیویەتی: ( زیانی خانەقین بە باخەکانیەوە گەیشتە ( ٤٠ ) هەزار دینارێك ، دیسان دەڕۆژ ئەم شارە بێ کارەبا و سێ ڕۆژ بێ ئاوی خواردنەوە مایەوە ) . لە بارەی قزڕەباتەوە دەنووسێت : ( کارەساتی قزڕەبات وەك هیچ شوێنێك نەبوو ، دنیا تاریك ، لافاوی بەهێز ، شوێنێك منالێك تیایا ستار بگرێت نەماوە .. نە باوك بەسەر منالیا ئەپەرژا ، نەدایك بەسەر کۆرپەی ناوبێشکەدا . ئەڵێن ڕۆژی قیامەت وا دیارە ئەو شەوە بووە لە قزڕەبات ) . بەجۆرێك زیانەکانی شارۆچکەی قزڕەباتی ئەو دەمانە بەم شێوەیە خەملێنراون : مردنی ( ٦ ) کەس ، ڕووخانی ( ٥٠٠ ) خانوو ، زیانی دوکان و بازرگانەکانیش نزیکەی (٣٠ ) هەزار دینارێك بووە . کەچی زیانی جەلەولا : مردنی ( ١٠ ) کەس ، ڕووخانی ( ١٥٠ ) خانوو [٥٣]. ڕووداوێکی سروشتی لەم جۆرەش وای لە حکومەت و تەنانەت هاولاتیانی ناوچەکە کردووە ، کە بە هانایانەوە بچن و هەریەکەو بەپێی توانای خۆی کۆمەك و هاوکاری ئەو خەڵکە بکەن . بۆ نموونە کەسایەتیەکی وەك مەلا عەزیزی شاواز ( ١٩٢٨- ٢٠١٥ ) بەهەمان شێوەی مەلا عارف لە یاداشتەکانیدا ، بەبایەخەوە لەسەر ئەم ڕوداوەی نووسیوەو باسی لەوەکردووە ، کە چۆن دانیشتوانی ناوچەی ( بنکورە ) کەوتوونەتە ئەوەی یارمەتی بۆ ئەو زیان لێکەوتوانە کۆبکەنەوە . وەك دەبینی لە لە ( ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ ) دا دەنووسێت :( وتیان : قزڕەبات هەمووی ئاو بردوویەتی ) یان بەچەند ڕۆژێك ، دوای ئەوەو لە ١٤ی کانوونی دووەمدا وای تۆمارکردووە : ( ئەمڕۆ ئەفەندیەکانی فوتابخانەی سەوزبلاخی سەرەتایی پارەیان کۆ دەکردەوە بۆ قزڕەبات )[٥٤]. تەنانەت کاریگەری بارودۆخەکە وای لەشاعیری گەرمیان مینە جاف ( ١٩١١- ١٩٦٥)[٥٥] کردووە، بە پارچە شیعرێك هەستی خۆی بۆ ئەو بارودۆخە دەر بڕێ :

پاش سلێمانی شاری قزڕەبات
بۆچیت کاول کرد بۆ ڕیشەی دەرهات
تۆ پێنج سەد ماڵی شاری سەعدی یە
کاولی ئەکەی لە پێو جێی چی یە
دووسەد ماڵی تر لە ئەرکەوازی
بەم سەرماو سۆڵە ئەشێوێ نازی
دوو سەد ماڵی تر لە قەرەخانا
گشت هەڵ ئەتوتێن لەبەر بارانا ...تاد[٥٦]

دوای ئەم کارەساتەو بەماوەیەك دواتر، کە بارودۆخی ئاوهەوای گەرمیان و ناوچەی خانەقین بەرەو خۆشبوون دەڕوا و ئاسایی دەبێتەوە . مەلا عارف لە درێژەی نووسینی یادداشتەکانی داو لە ( ٩ی مارتی ١٩٥٨ ) دا نووسیویەتی :( ئەمڕۆ شاڵ و دەورملم لابرد هەوا خۆشی کرد) و بە ماوەیەك ، دوای ئەوەش هەواڵی ڕووداوێکی تری ناوچەکە تۆماردەکات ، کە ئەویش بریتییە:( خۆ کوشتنی محەمەد ڕەشیدی حاجی ئیبراهیم بەگی جاف) لە

دەککە لە مایسی ١٩٥٨ دا ، ئیدی لەو ماوەیە بەدواوە ، بە هەر هۆیەك بووبێت ، ڕۆژ ژمێرەکەی شتێکی ئەوتۆی تیا تۆمار نەکراوە، تا دەگاتە سەروبەندی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨[٥٧]. بەڵام لە درێژەی ساڵی ( ١٩٥٩ ) دا ، کە چەند مانگێك بەسەر بەرپابوونی دا تێ پەڕیوە، مەلا عارف لە سەرەتاو کۆتایی ئەم ساڵەدا، بەدووجۆر ناوی خۆی بەیانکردووە. لە سەرەتادا نووسیویەتی : مەلا عارفی مەلا یەحیای عەتار ، لە شوێنێکی تردا بە عارفی یەحیا زادە و لە( ١٣ی شوباتی ١٩٥٩ ) دا ، باس لەمردنی کچێکی مەلا عەباس محەمەد سلێمانی بنکوورە دەکات و بەچەند ڕۆژێکی دواتری هەمان مانگ ، ئەوەڕوون دەکاتەوە ، کە سەرماو سۆڵەیەکی زۆر دەستی پێ دەکات و دەبێتە هۆی بارینی بەفرێکی زۆر و داخستنی دووکانەکانی شار، وەك دەنووسێت: ( بە دەرەجەی نهایەت سارد بوو ، لە فەجرەوە تا سەعات ( ٣ ) ی عەسر باران باری و دواجار دوو سەعات بەفر باری و لاکین زۆر ساردبوو . ئەکسەری دووکانەکان داخران ) . ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ، کە گرانی ڕوو لە بازاڕبکات و شتومەکی تیا کەم بێتەوە وەك دەنووسێت: ( برنجی کوردی خۆماڵی دەست نەکەوت . مەجبوور بووم برنجی کوردی ئێرانیم سەند یەك باتمانی بە ( ٨٠٠ ) فلس و گۆشت هۆقەی بە ٣٦٠ فلس )، کە بۆ ئەوکاتە پارەیەکی کەم نەبووە . جگە لەوەش لە شاری مووسڵەوە یاخی بوونی عەبدولوەهاب شەواف ( ١٩١٦- ١٩٥٩ ) دەست پێ دەکات و لەم لاوە شاری کەرکووك دەبێتە گۆمی خوێن ، شەڕی ناوخۆ لە نێوان پێکهاتەکانیدا ، بەتایبەتی کوردو تورکمان بەرپا دەبێت . وەك ئەوەی لە بارەی مووسڵەوە و لە ( ٦ی مارتی ١٩٥٩ )دا ، ئەوە دەگێڕێتەوە، کەسایەتیەکی وەك : ( عەبدولوەهاب شەواف تەمەڕودی کردووە ، لە شاری مووسڵ و چەند کەسێك لە ئەهالی کوژرا وەو دوایی خۆیشی کوژراوە... )[٥٨] .

جگە لە هەمووئەوانەش عەبدولکەریم قاسم ( ١٩١٤ — ١٩٦٣ ) لە شاری بەغداوە فەرمان ئەکات بە : ( ڕاوەستانی چالاکی هەموو حیزبەکان و هیچیان کار نەکەن ) . ئێرانی پەهلەویش لەبەر ئەوەی هاتنەکایەوەی سیستەمی نوێی لە عێراقدا پێ قبووڵ نەبووە ، یەکێك لە هەنگاوەکانی بەرانبەر بە عێراق : ( ڕاگرتنی ئاوی ئەلوەن بووە لە لایەن ئێرانەوە ) . بەتایبەتی لە سەرەتاکانی تەمووزی ( ١٩٥٩ ) دا ، هەروەها بەپێی تۆمارەکانی مەلا عارف یەکەمین دەستپێکردنی شەڕ لە شاری کەرکوکدا لە ( ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩ )دا سەرچاوەی گرتووە : ( ئەوەڵ شەڕو هەواڵ لە کەرکوك ) . ئەمەش چەند ڕۆژێك بەردەوام دەبێت و لە کۆتایی شەڕو پێك دادانەکاندا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە : ( شەڕ لە کەرکوك کوژایەوەو حکومەتی وەتەنی ناجیح بوو ، زۆر کەس لە تورکمان و تۆرانیەکان کوژران ) . بەڵام لە ڕۆژانی دواتردا باس لە ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش دەکات لە گوندی ( شێرەوەند ) ی ناوچەی بنکورەی سەر بە شاری خانەقینی ئەودەمانە ئەویش : ( تەوقیف بوونی مەلا عەباسی محەمەد سلێمان ( ١٩٠٤- ١٩٨٥ ) و عەلی کوری ( ١٩٤٠- ٢٠٠٠ ) بە واسیتەی دەرچوونی دەمانچەوە لە دەستیان و دووکەسیان زامدار کردووە ) . ئەو دووکەسە هەریەك لە محەمەد حەسەن ، کە بە( حەمە سەرك ) ناسراوە لەگەڵ ئەحمەدی ساڵح ڕەزا [٥٩]. هاوکات لە چەند مانگی دواتری ئەم ساڵەدا ، چەند ڕووداوێکی تری گرنگ دەنووسێتەوە ، هەریەکەو لە شوێنی خۆیدا بایەخی تایبەتیان دەبێت لەوانە : تۆمارکردنی ڕۆژو مانگی مردنی کەسایەتی ئایینی کورد لە بەغدا مەلا محەمەدی قزڵجەیی تورجانی زادە وەك ئەوەی نووسیویەتی : ( وەفاتکردنی مامۆستا محەمەدی قزڵجی ڕۆژی دووشەممە ١٤ی ئەیلولی ١٩٥٩ ) . هەروەها لە ڕۆژانی دواتردا ، لەگەڵ چەند کەسێکی دیدا ، کە ناوەکانیان دەستنیشان ناکا ، پێکەوە دەچنە پرسەکەی قزڵجی لە بەغدا و زۆریشی پێ ناخۆش بووە ، بەوەی کەپرسەکەی بەو ساردوسڕیە دەبینێت وەك نووسیویەتی: ( چوونمان بۆ شاری بەغدا بۆ

تەعزیەکەی مامۆستا محەمەدی قزلجی ئەما مع الاسف کەسی وەها نەبوو بۆ جێ بەجێکردنی تەعزیەکەی ) . بۆ شەوی هەمان ڕۆژ لە خانەقینی ئەودەمانەدا دەنووسێت : ( وەفاتی مەلا ئەحمەدی دەککە لە نیوەشەوی ڕۆژی هەینی ١٥ی ئەیلولی ١٩٥٩ ) . دوا بەدوای ئەوانەش ، باسی ئەو هەوڵی کوشتنەی سەرۆك کۆماری عێراق عەبدولکەریم قاسم دەکات ، بەتایبەتی لە ( ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ ) دا ، کە چۆن لە لایەن دەستەیەك لە کادیرەکانی حیزبی بەعسەوە تەقەی لێ دەکرێت و بەسەختی بریندار دەکەن : ( زامداربوونی عەبدولکەریم قاسم لاکین بە لوتفی خوا زامەکەی خەفیف بوو ، ئەما لە شەودا ) . بەڵام لە کۆتایی ئەم ساڵەدا ، تەنها لە هەواڵی دوو بابەت دواوە یەکەمیان : ( تاقیکردنەوەی مەلاکانە بۆ دەورەی پەروەردە)، بۆ ئەوەی بکرێنە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەکاندا ، دووەمیان : نووسینی سکالایەکی خۆیەتی ، کە بۆ بەرێوەبەری ئەوقافی لیوای دیالەی بەرز کردۆتەوە بۆ ئەوەی جێگیر بکرێت : ( لە مزگەوتی مەجید بەگی خانەقین یان بگوازرێتەوە بۆ مزگەوتی حەسەن عەلی ) هەر لە شاری خانەقین [٦٠].

بەڵام لە درێژەو وردەکاریەکانی ( ١٩٦٠ )دا ، زیاتر بە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی ناخۆشی شارو خۆیەوە دەست پێ دەکات وەك لەسەرەتای ساڵەوە و لە ( ١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠ ) دا دەنووسێت :( دوێنێ مەلا ڕەوف ژنەکەی تەڵاقدا ). بە دوو ڕۆژ دوای ئەوە سەردانی بەغدا دەکات و بەوردی دەیگێڕێتەوە: ( چوونم بۆ بەغدا بۆ ئەشیا لە ڕێگەی ماڵی حوسێن لە ناو سەیارە بڕی شەش دینارو حەوسەدو پەنجا فلسیان لێ دزیم ، لە ناوسەیارەدا لە شەقامی شێخ عومەر ) . شانبەشانی ئەوانەو لە ڕۆژانی دواتردا بەیتێکی شیعر دەنووسێتەوەو لە ژێریدا دەنووسێت: ( ڕەفیق حیلمی ) :

کورد ئەوەندە کوردن بە سەد شەیتان لە کوردی ناکەون

لاکین خەڵقی بۆچی بۆ خۆی دەردی سەری پەیدا ئەکات

کەچی لە ١٨ی مایسدا دەنووسێت : ( چوونمان بۆ سەعدیە لەگەڵ سەید ئیبراهیم و محەمەد ساڵح سەنەوی بۆ زیارەتی مەلا مەعصوم بۆ حەج ئەچوو ) . لە هەمان ماوەدا ، ئەوەت بۆ ڕوون دەکاتەوە ، کە دروستکردنی کەواو چاکەتێك بە پێی نرخی بازاڕی ئەوکاتە تێچوونی چەند بووە : ( کەواو چاکەتێکم کرد لای حاجی محەمەد ئەمین ، مەجمووعی مەسرەفی نۆ دینارو شەش سەد فلس بوو ) . بەڵام لە ئابی ( ١٩٦٠ ) دا بەکەف و کوڵێکی بە تینەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا ڕەفیق حیلمی ( ١٨٩٨- ١٩٦٠ )[٦١] دەنووسێت : ( وەفاتی ڕەفیق حیلمی بەگ خەبەرێکی ناخۆش بوو ) . ئەوەشی کە پەیوەندی بەخۆی و کاری خۆیەوە بێت ، قسە لەسەر عەلائەدینی سەجادی دەکات و ستایشی هاوکاری و هەوڵە دەکات لە ڕایکردنی کارەکانیدا : ( قەرار وایە ئەمڕۆ کاك عەلا ئەدینی سەجادی لەگەڵ مودیری عام لە بابەت مەسەلەکەی منەوە قسە بکات تا بزانین ) . پاش ئەوە بەچەند ڕۆژێکی ترو لە ( ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ ) دا ، ئەوەڕوون دەکاتەوە کە : ( تەقریبەن مەئویس بوونم لە مەسەلەی ئیمامەت . چونکە کاغەزی سەید عەلائەدینی سەجادیم بۆ هات ، کە خەریکن بیخەنە جەرائدی رەسمیەوە بۆ ئینزاری مەلا ئەحمەد حەسەن )) . هاوکات لە کۆتایی ساڵدا زۆر بە ڕەش بینیەوە دوا بڕگەی خۆی دەنووسێت : ( تف لەم ساڵە چەند ناخۆش بوو )[٦٢].

لەماوەی ( ١٩٦١ ) داو بەپێی نووسین و وردەکاریەکانی ڕۆژانەی مەلا عارف ئاماژە بۆ کۆمەڵێك هەواڵ و ڕووداوی گرنگ دەکات ، کە بۆ ئەمڕۆی مێژوو و بەکارهێنانیان ، وەك کەرەستەیەکی خاوی مێژوویی تایبەتمەندی خۆیان دەبێت ، وەك ئەوەی لە سەرەتای ساڵەوە ، بە ڕووداوێکی سروشتی و هەواڵی باران بارینێك

دەست پێ دەكات لە گەرمیان و بەتایبەتی ئەو شوێنانەی كە سەر بە شاری خانەقینن ، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لافاو زیانێكی زۆر لە كۆمەڵانی خەڵك دەكەوێت . وەك لە ( ٣ی كانوونی دووەمی ١٩٦١ ) دا نووسیویەتی : ( بە واسیتەی سەیل و لافاو ئەمڕۆ زۆر نارەحەت بووین ، هەموو ئەهلی شار لەبەر بێ ئاوی و بێ كارەبایی بارودۆخ هەمووی شپرزە بوو ، نرخی تەنەكەی ئاو گەیشتە ( ٣٠ ) فلس و زیاتریش ، تا هەژدە ڕۆژ كارەبای ماڵان لە شاری خانەقیندا نەبوو ) . جگە لەوە یەكێكی دی لە گیروگرفتەكانی كۆمەڵانی خەڵك گۆڕینی پارەو دراوی عێراقی بووە ، بە پارەی جمهوری : ( موشكیلەی گۆڕینی پارە بە عوملەی جمهوری بە تەواوی وەزعی تێك دابوو ) . هاوكات لە ناوەڕاستی هەمان مانگدا باسی لە مردنی كەسایەتی ناسراوی ناوچەی ( عالیاوا ) ی شاری خانەقین ( شاكیر ئەفەندی وەكیلی مەزارعی مەلیكی ) دەكات ، كە چۆن دوای مردنی تەرمەكەیان ، لە بەغداوە هێناوەتەوە خانەقین و ئەسپەردەی خاكیان كردووە ، لە ( ١٤ی كانوونی دووەمی ١٩٦١ ) دا . بەڵام لە ڕۆژانی دواتردا دەنووسێت : ( ڕۆژنامەی ( الاهالی ) لە ( ١٥/ ١ / ١٩٦١ ) و ( ١٦ / ١ / ١٩٦١ ) دا و لە ژمارەكانی ( ٦٢٧ ) و ( ٦٢٨ ) دا ، ئیختارێكی ( اخگار) بۆ مەلا ئەحمەد حەسەنی ئیمام و خەتیبی مزگەوتی مەجید بەگ لە خانەقین بلاۆكردۆتەوە ) ، لە( ١٥ی شوباتی ١٩٦١ ) دا ، باس لە ڕوودانی خۆرگیرانێك دەكات بەوەی لەماوەی ئەو ڕۆژەدا ، نزیكەی سێ سەعاتی تەواوی خایاندووە: ( ئەمڕۆ خۆرگیرا و تەقریبا سێ سەعات دەوامی كرد ) . بەڵام لە كۆتایی مانگی مارتدا باس لەو خۆپیشاندانانە دەكا ، كە حیزبە سیاسیەكانی عێراق دینامیكیەتی سەرەكی بوون ، لەوانە زیاد بوونی نرخی كاڵاكان لە بازاڕدا . بۆنموونە دەنووسێت : ( موزاهەرەی ئەحزاب لە بەغداد بە واسیتەی زیاد بوونی نرخی جگەرەوە ) و لە لایەكی ترەوە ، ئاماژە بە ناوی بەشێك لەوانەش دەكات ، كە پێشتر بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی ( ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ )ەوە ، لە سنووری گەرمیان و خانەقینەوە ، پەنایان بردۆتە بەر وڵاتی ئێران لەوانە: بە گزادەكانی جاف لە كەلار ، عوسمان بەگی شەرەف بەیانی ( ١٨٩٥ – ١٩٦٨ ) لە ناوچەی هۆرێن و شێخانی سەر بەشاری خانەقین و هەروەها شێخ محەمەد نەجیب ( ١٩٢٢- ١٩٩١ )[٦٣] ی كوڕی شێخ وەهابی تاڵەبانی ( ١٨٨٦- ١٩٧٢ ) لە سنووری كفری و گوندی قەرەبلاغ . بەجۆرێك ئەمەی دواییان واتە شێخ محەمەد نەجیب لە ( ١٨ی نیسانی ١٩٦١ ) دا ، دووبارە لە ئێران گەڕاوەتەوە عێراق و گوندی قەرەبلاغ . لێرە بەدواوە ئەوەی ، كە جێی سەرنج بێت لە یاداشتەكانی مەلا عارفدا ، دیاریكردنی یەكەمین ڕۆژی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی ( ١٩٦١ )ە ، بەرانبەر بە فەرمانڕەوایانی عێراق و ناوهێنانی یەكەم شەهیدی پێشمەرگە لە سنووری گەرمیان و شاری خانەقیندا وەك ئەوەی دەنووسێت : ( ئەوەڵ شەڕ لە دەربەندیخان لە ڕۆژی یەك شەممەی ١٠ی ئەیلولی ١٩٦١) دا، بەماوەیەك دوای ئەوەش یەكەمین پێشمەرگە ، كە لە چیای بەمۆو ناوچەی ( حاجیلەر ) دا بریندار ئەبێت و دوو ڕۆژی دواتر شەهید ئەبێت كە : ( محەمەد ساڵح سلێمان بارامی دەلۆ )ی بە ناوبانگ و ئەندامی پێشووی پارتی هیوا بووە ، لە گەرمیان و شاری خانەقیندا ، تەنانەت یەكێك بووە لە چا نەخۆرەكانی شاری خانەقینی ئەودەمانە [٦٤]. كە لە ( ٢٨ی كانوونی دووەمی ١٩٦١ ) دا بریندا دەبێت و دوای دوو ڕۆژ واتە لە ( ٣٠ی كانوونی یەكەمی ١٩٦١ )دا شەهید دەبێت و تەرمەكەی ئەبرێتەوە خانەقین و لە گۆڕستانی ( پاشا كۆپری ) ئەسپەردەی خاك دەكرێت [٦٥]. وەك دەنووسێت : ( هێنانەوەی جەنازەی محەمەد ساڵح سلێمان دەلۆ خوا عافوی بكات ) . هاوكات هەر لەم ماوەیەداو لە ( ٩ی كانوونی یەكەمی ١٩٦١ ) دا، موحاكەمەیەكی یاسایی دەكەوێتە نێوان مەلا عارف و شاعیری گەرمیان محەمەد ئەمین بەگی جاف . بەجۆرێك وردەكاریەكانی ئەم دادگایی كردنە دیارە بۆ مەسەلەی قەرزاری بووە ، ماوەیەكی خایاندووە ، هەر لە( ٩/ ١ /١٩٦١ ) - ( ٢٢/ ١ / ١٩٦٢ ) [٦٦].

وەك لەڕۆژ ژمێری ( ١٩٦٢ ) داو ، بەتایبەتی لە ( ٢٢ کانوونی دووەمی ١٩٦٢ ) دا ، دەنووسێت : ( ئەمڕۆ وەعدەی موحاکەمەی محەمەد ئەمین بەگی جافە بۆ قەرزەکەم ) و هەروەها دوا نووسین ، کە لەم بارەیەوە دەینوسێت لە ( ١ی شوباتی ١٩٦٢ ) دایە، کە تیایدا هاتووە : (( دووبارە مەحکەمەی محەمەد ئەمین بەگ بۆ ئیجرای ڕەسم ) . ئیدی لێرە بە دواوە ، هیچ شتێکی دی لەم بارەیەوە نالێت . ئەوەشی کە زیاتر پەیوەست بێت بە خۆیەوەو لە درێژەی مانگی ئەیلولی( ١٩٦١ ) دا ، نووسیبێتی ئەوەیە کە تیایدا هاتووە : ( ئەمڕۆ چوومە باقوبە، ئەمری ئیداری ئیمامەت و خیتابەتم وەرگرت بۆ مزگەوتی مەجید بەگ . مەرسومی جمهوری ڕەقەم ( ٤٩٩ ) موئەڕەخ ( ٢٥ / ٩ / ١٩٦١ ) .یەکێکی دی لەو سەربوردانەی ، کە لە بارەی ئەوکاتەی ناوچەکەو شاری خانەقینەوە مەلا عارف باسی لێوەکردبێت ، ئەویش بریتیە لە دەستگیرکردنی چەند کادیرێکی ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) لەلایەن دامودەزگا ئەمنیەکانی عێراقەوە لە شاری خانەقین . وەك لە بەشێکی نووسینەکەیدا هاتووە: ( گرتنی جەماعەتی وەك ئەحمەد کەلاری و ڕەئوف قەیتەران و ئەحمەدی فەقێ محەمەد ئەمین و چەند کەسێکی تر ). لە سەرەتای نیسانی ( ١٩٦٢ ) دا [٦٧]. بەڵام لە ڕۆژ ژمێری ( ١٩٦٣ ) دا ، بە زۆری لە سەرەتاکانی شوباتی ئەوساڵەوە تیایدا دەستی کردووە بەنووسین و لە ٨ی شوباتی دا نووسیویەتی: ( سەورە لەسەر عەبدولکەریم قاسم کرا ) ، بۆ ڕۆژی دواتر بەڕوونی دەنووسێت :( ئەمڕۆ عەبدولکەریم قاسم ئیعدام کرا لە دوای نیوەڕۆ ، هەر ئەمڕۆش قیستی دوکانەکەم دایە تاهیر ئەفەندی ، کە دەیکردە بیست و پێنج دینار ). کەچی لە ١٠ی مارتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە : ( ئەمڕۆ ئیعلانی حوکمی لامەرکەزی بۆ کورد لە ئیزگەی بەغداوە بلاْوکرایەوە وەلێ درۆ دەرچوو ) . لە ٩ی نیساندا ، باس لەوە دەکات ، کەچۆن کەسێکی وەك :( حەسەنی مەحموود سەقا بە ناهەق لەلایەن کاکەییەکەوە دەکوژرێت ) و بەماوەیەك دوای ئەوەش لە ناو کەلاوەکانی ( جەمیلە خان ) ی نزیك ئاوایی ( غێدان ) ی ناوچەی بنکوورەداو لە ( ٢١ی نیسانی ١٩٦٣ ) دا ، کە دەکاتە ڕۆژی یەك شەممە مەلا عارف دەنووسێت :( چوار کاکەیی بە ناهەق دەکوژرێن ) و دوای چەند ڕۆژێك ، لە لایەن کەس و کاریان و دانیشتوانی ناوچەکەوە تەرمەکانیان دەدۆزرێتەوە و هەروەها لە سەرەتاکانی ئایاردا مێژووی مردنی دوو کەسایەتی ناسراوی شاری خانەقین و ناوچەکە دەنووسێتەوە لەوانە: ( وەفاتکردنی شێخ عەلی شێخ عارفی قەرەداغی بە شێوازێکی کتوپڕ ) ، واتە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی شێخ عەلی لە گەڕەکی ( مەزرەرەعە )ی خانەقین ، کە بەناوی خۆیەوە ناونراوەو هەر خۆشی تا لە ژیاندابوو، زەویەکەی بۆ کڕیوەو لەسەری بونیادی ناوە ، کە دەبێتە باوکی دکتۆر عارف قەرەداغی و مامۆستایان : حامد و مەحموود و نەسرین و نازەنین قەرەداغی [٦٨]. هاوکات :( وەفاتکردنی فەقێ مەحموودی خدر ئاغای دەربەند فەقەرەیی لە سەعات دەو نیوی شەو و بۆ ڕۆژی یەك شەممەی پێنجی مانگی ئایاریش دەفن کرا )[٦٩] .

لەم ماوەیە بەدواوە وەك نووسین شتێکی ئەوتۆ لە بیروەریەکانی دا بەرچاو ناکەوێت . بەڵام لە ( ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ )دا باس لەوەدەکات ، کە چۆن فەرمانڕەوایانی عێراق واتە: ( حکومەتی بەعس ئیعلانی شەڕی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورد کردەوە) . بەماوەیەکی دواتر و لە ١٨ی تشرینی دووەمیدا دەنووسێت : ( سەورە کردن لەسەر جەماعەتی حەرەس قەومی و تێکدانیان و ڕێی شاری بەغدا مەنع کرا و مەنع تەجەول کرا ) . کەچی بە هەفتەیەك دوای ئەوەو لە ( ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ) دا دەنووسێت :( دوای حەوت ڕۆژ ئەمڕۆ ڕێگای شاری بەغداد کرایەوە) . بەڵام لەگەڵ دەست پێکردنی ساڵی ( ١٩٦٤ ) دا ، هەندێ وردەکاری سادەی نووسیووە لەوانە : لە ( ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ )دا نووسیویەتی :( مردنی ئەحمەدی کوڕی مەلا عەباس سەر لە ئێوارە لە

مزگەوتی حوسەینیەی شاری خانەقین ) .کە خەڵکی ئاوایی شێروەندی ناوچەی ( بنکوورە ) بووە، هەر وەك لەچەند ڕۆژی داهاتوودا و لەچوارچێوەی یاداشتەکانیدا باسی لەوەکردووە ، کە چۆن لەگەڵ چەند کەسێکی تردا، بەمەبەستی سەرەخۆشیکردن لە مەلا عەباس دەچنە ( شێرەوەند ) ، بۆ نموونە لە ( ٤ی شوباتی ١٩٦٤ ) دا دەنووسێت :( ئەمرۆ لەگەڵ سەید حەسەن و جەماعەتێکی تر چووین بۆ ئاوایی ( شێرەوەند ) لای مەلا عەباس بۆ تەعزیەی ئەحمەدی کوڕی ) ، بەچەند ڕۆژێکی دواتریش کورتەی هەواڵێکی ڕاگەیاندنەکانی ئەودەمانەی گواستۆتەوە بۆ ناو درێژەی یادداشتەکانی ، وەك لە( ١١ی شوباتی ١٩٦٤ ) دا ، دەگێڕێتەوە کە: ( ئەمشەو بەیانێکی موشتەرەك دەرچوو لە بابەت سوڵحی حکومەت و شۆڕشگێڕەکانی کورد ، کارێکی زۆر باشکرا ). بە ماوەیەکی دواترو ئەوەی پەیوەست بێت بەناوچەکەو بارودۆخی ناوچەکەوە لە ( ٢٦ی نیسانی ١٩٦٤ )دا ، باسی لە هاتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە بۆ ناو شاری خانەقین وەك ئەوەی دەنووسێت : ( یەك پەل پێشمەرگە هاتە ناو شاری خانەقینەوە )، بەماوەیەك دوای ئەمەو وەك لە درێژەی نووسینەکانیدا دەردەکەوێت مەلا عارف توشی نەخۆشی ئەبێ و وەك خۆی دەنووسێت لە ( ٢ی تەمموزی ١٩٦٤ ) دا ، لە شاری بەغدا نەشتەرگەریەکی بۆ دەکرێت : ( ئەمرۆ عەمەلیاتکرام لە سەعات یازدەی نیوەڕۆ ) و بە هەفتەیەك دوای ئەوەو لە ( ٩ی تەمموزی ١٩٦٤ ) دا دەنووسێت :( ئەمرۆ لە مستەشفا دەرچووم ) . هاوکات هەر لەو ڕۆژانەشدا ، هەواڵی شەهید بوونی پێشمەرگەی ناسراوی ناوچەی خانەقین کامەرانی کوڕی عەزیز پشتیوان ( ١٩٤٥- ١٩٦٤ ) بڵاودەکاتەوە، لە( ١٦ی تەمموزی ١٩٦٤ ) دا دەنووسێت : ( کامەرانی کوڕی کاك عەزیز پشتیوان کوژرا )[٧٠] . هەرچەندە ئەمڕۆژە لەگەڵ ڕۆژی شەهید بوونەکەیدا نایەتەوە، بەوەی کامەرانی عەزیز پشتیوان لە ڕێکەوتی ( ٣ی تەمموزی ١٩٦٤ ) دا شەهید دەبێت [٧١]. لە درێژەی مانگەکانی دوایدا جۆرێك لە هەرزانی و بوژانەوە دەکەوێتە بازاڕەوە، لەم ماوەیەدا مەلا عارف زۆر جەختی لەسەر ئەو وردە بابەتانە کردۆتەوەو لەوە بەدواوە شتێکی ئەوتۆی نەنووسیوە[٧٢].

بەڵام لە درێژەی ساڵی ( ١٩٦٥ )دا ، زۆر بەکەمی یادداشتی ڕۆژانەی نووسیوە، بۆ نموونە لە ( ٧ی حوزەیرانی ١٩٦٥ ) دا باسی لە مردنی یەکێك لە بازرگانەکانی شاری خانەقین دەکات و دەنووسێت :( وەفاتکردنی حاجی فەتاحی بەزاز ). بەماوەیەك دوای ئەوەش لەگەڵ کۆمەڵێك مەلای تری ناوچەکەداو بە مەبەستی بەشدار بوون ، لە کۆنگرەی زانایانی ئیسلامی سەردانی شاری بەغدای کردووە و بەسەریەکەوە یەك هەفتەی تەواویان پێ چووە ، بەوەی لە ٢٦ی حوزەیراندا دەنووسێت :( چوونمان بۆ بەغداد بۆ موئتەمەری ئیسلامی ) و لە ٤ی تەممووزیشدا باسی هاتنەوەیان دەکات :( هاتنەوەمان لە بەغدا لە موئتەمەر ) . یەکێکی دی لەو تۆمارکردنانەی ، کە باسی لە چالاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە ، کە چۆن لەو دەمانەداو بەشەو چوونەتە ناو شاری خانەقینەوەو چالاکیەکی گەورەیان ئەنجامداوە ، کە بۆ ئەو ڕۆژگارە کارێکی بێ وێنە بووە ، وەك ئەوەی لە ( ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٥ ) دا نووسیویەتی : ( ئەمشەو هێزی پێشمەرگە هاتنەناو مەزرەعەوەو لە نادی چوار کەسیان کوشت و دوو شورتەشیان کوشت ) . وەك دەبینی لێرە بەدواوەو لە سنووری شاری خانەقین و ناوچەکانی چیای بەمۆوە چالاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوامی خۆیان هەبووەو تەنانەت لەسەرەتای ساڵی ( ١٩٦٦ )دا ، برەوی خۆی هەبووەو ناو بەناو بنکە سەربازی و ئەمنیەکانی حکومەتی عێراق لە ناو شارو دەورو بەریدا کراون بە ئامانج ، ئەوەتا لە شەوی ( ١١ی شوباتی ١٩٦٦ ) دا باسی لەوە کردووە:( ئەمشەو تەق و تۆق عەجایب بوو . بەڵام هیچ ئەسەرێکی نەبوو ) . لە ١٤ی نیسانی هەمانساڵدا ، هەواڵی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە: ( ئەمرۆ ئیزگەی بەغداد خەبەری دا ، کە دوێنێ ئێوارە لە سەعات حەوت و بیست دەقیقە یەعنی سەعاتێ

دوای مەغریب عەبدولسەلام عارف ( ١٩٢١- ١٩٦٦ ) و چەند کەسێکی تر لە تەیارە کەوتنە خوارەوەو وەفاتیان کرد ) . بەلاّم لە ١٧ی نیساندا دەنووسێت :( عەبدولڕەحمان عارف ( ١٩١٦- ٢٤ / ٨ / ٢٠٠٧ ) کرایە ڕەئیسی جمهوریە ). بەلاّم هەرکە دەگاتە مانگی ئاب و بەتایبەتی لە ( ٦ی ئابی ١٩٦٦ ) دا، هەواڵی دەست لە کار کێشانەوەی عەبدولڕەحمان بەزاز ( ١٩١٣- ١٩٧٣ )ی سەرۆك وەزیرانی عێراق تۆمار دەکات و دەنووسێت : ( عەبدولڕەحمان بەزاز ئیستیقالەی کرد ) و بۆ چەند ڕۆژێکی دواترو لە ٩ی ئابدا ، قسە لەسەر ئەوە دەکات کە:( ناجی تالیب ( ١٩١٧- ٢٠١٢ ) تەشکیلی وەزارەتی کرد ) . لێرەش بە دواوە ئەوەی کە زیاتر پەیوەست بێت ، بە ژیانی خۆی و بارودۆخی ئابووری خۆیەوە، لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا دەژی و گلەیی گازندەیەکی زۆر لە وەزعی خۆی و حاڵی دەکات وەك دەنووسێت :( بە دەرەجەیەك وەزعی ئیقتصادیم تێك چووە . ئیقتدارم نەبوو پارەی شەکرو چای خواردنەکەم بدەم ، کە عیبارەت بوو لە یەك دینارو چوار سەد فلس )[٧٣].

هاوکات لە ڕاستیدا ڕۆژ ژمێرەکانی ( ١٩٦٧ ، ١٩٦٨ ، ١٩٦٩ )ی شتێکی ئەوتۆیان تیا نەبوو بنووسرێنەوە . کەچی لە ساڵی ( ١٩٧٠ ) تەنها لە دوو سێ بڕگەیدا ، نەبێت بەهەمان شێوەی ئەوانەی پێشوو شتێکی ئەوتۆیان تیا نیە . تەنها ئەوە نەبێت کە لە ١١ی مارتدا نووسیویەتی: ( بەیان درا بۆ حکومی زاتی کوردستان الحمد لله وصلی الله علی سیدنا والە ) . هەروەها لە ( ٦ی نیسانی ١٩٧٠ ) دا ، هەواڵی مردنی کەسایەتی ناسراوی شاری خانەقین مەلا ئەحمەد فائیزی مودەریس ( ١٨٩٧ – ١٩٧٠ )[٧٤] ی دەسنیشانکردووە : (( وەفات مەلا ئەحمەد فائزی مودەریس لە ئێوارەی پێش مەغریب بە نیو سەعات )). دوا بڕگەش لە ( ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ ) دا نووسیویە ، سەبارەت بەخۆی وەك تیایدا هاتووە: ( ئەمڕۆ ئیمتیحان تەرفیعیم دا لە دیوانی رئاسەتی ئەوقاف لەگەڵ هەشت مەلای تردا ئەوانیش هەر بۆ تەرفیع بوو ) . کەچی ڕۆژ ژمێری (١٩٧١ ) شتێکی ئەوتۆی تیا نەنووسیوە، بەلاّم ئەوەی ساڵی ( ١٩٧٢ ) بەهەمان شێوە لەیەك دووشوێنك دا نەبێت کە نووسینی تیا تۆمارکراوە، ئیدی شتێکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێت ، بۆ نموونە لە ( ٢٩ی مارتی ١٩٧٢ ) دا ، باس لە کوڕو کچێکی خۆی دەکات ، کە ئەندامی ( یەکێتی قوتابیانی کوردستان ) بوون و لە بارەیانەوە نووسیویەتی :( ئیبراهیم و پەروین چوون بۆ شاری سلێمانی بۆ موئتەمەری ئیتحاد تەلەبە) . هەروەها لە ١١ی مانگی نیساندا باسی لەوە کردووە کە: ( ئەمڕۆ لەگەڵ جەنابی مەلا عەباس و سەید ئیبراهیم دا چووین بۆ ئاوایی سەوز بلاّخ بۆ دەعوەتی مەلا عەزیزی محەمەدی شاواز )[٧٥] . هاوکات بەسەریەکەوە هەردوو ڕۆژ ژمێری ( ١٩٧٣ ، ١٩٧٤ ) شتێکی ئەوتۆی تیایاندا نەنووسیوە، بەلاّم لەڕۆژ ژمێری ( ١٩٧٥ ) دا هەرچەندە بەکەمی ڕووداوەکانی نووسیوەتەوە. بەلاّم ئەوانەی کە تۆماری کردوون تا ڕادەیەك ، بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە لەوانە لە ( ٦ی مارتی ١٩٧٥ ) دا ، نووسیویەتی : ( ڕێك کەوتنی شای ئێران لەگەڵ نائب ڕەئیس جمهوری عێراقدا ) . بە چەند ڕۆژێك دواترو لە ( ١٣ی مارتی ١٩٧٥ ) دا بەڕوونی نووسیویەتی : ( وەقفی قیتال لەبەینی پێشمەرگەو حکومەت ). لە ٢٢ی مارتیشدا نووسیویەتی : ( ئینهیاری پێشمەرگە دوای بەیانی مستەفا بارزانی بە فڕێدانی چەك ) . دواتر لە ٣١ی مارتدا باس لە گەڕانەوەی کوڕێکی پێشمەرگەی دەکات بە ناوی ( ئیبراهیم ) ەوە، کە چۆن خۆی ڕادەستی حکومەت دەکات و چەك دادەنێت:( ئەمشەو ئیبراهیم لە ڕێگای سلێمانیەوە هاتەوە ). هەر لەهەمان کاتدا و بەهەمان بۆنەوە، بە خەمێکی گەورەوە دەنووسێت :( زۆر مانگێکی شوم بوو بۆ کوردی قوڕ بەسەر )[٧٦].

## تەوەری سێیەم/ دەستنووس و بەشێك لە نامەو خوتبەكانی مەلا عارف لە مزگەوتی مەجید بەگی شاری خانەقین :

جگە لە یاداشتە بایەخدارەكانی مەلا عارف ، كە زۆردڵنیایین لەوەی بەشێكی یەكجار زۆریان بە درێژایی ڕۆژگار تیاچوون ، چونكە ئەو زیاتر مێژوو و ڕووداوەكانی ڕۆژانەی لە دووتوێی ئەو ڕۆژ ژمێرانەدا ، تۆماركردووە ، كە بە بەردەوامی لە باخەڵی دابوون و هەندێك لەوانە نەماوون ، بەتایبەتی ئەوانەی كۆتایی سیەكان و سەرەتای چلەكانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو ، كە ئەوكاتە ئەو وەك ئەندامێكی دیاری حیزبی هیوا لە ترۆپكی چالاكی و كاری ڕێخراوەیی دا بووە ، هاوكات مەلا عارف وەك كەسایەتیەكی ئایینی و لە بنەماڵەیەكی ناسراوی خوێندەواریی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و باشووریدا، بە سەریەكەوە كۆمەڵێك دەستنووس و بەیاز و بابەتی بە نرخ و گران بەها ، لە نێونامەخانەی بنەماڵەكەیاندا هەبووە و نەوە لەدوای نەوە ، توانیویانە سوودیان لێ وەربگرن و وەك كەرەستە یەكی خاوی مێژوویی ماونەتەوە ، هاوكات بەشێكی یەكجار زۆریشیان بە هۆی ئەو هەموو گۆڕانكاری و ڕووداوە جۆر بەجۆرانەی ، كە بەسەر باشووری كوردستان و ناوچەكەو بەتایبەتی شاری خانەقین دا هاتوون ، زۆرێك لە مانەش تیاچوون و بوونەتە خۆراكی ئاگردانە بێ ڕەحمەكانی مێژوو . بەجۆرێك دەكرێت ، هەموو ئەمانە بەسەر چەند بابەتێكی هەمە جۆردا دەستنیشان و پۆلێنیان بكەین و وەك پێویست هەر هیچ نەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ ناوی بەشێكیان بۆ بكەین . لەوانە : نامەی جۆر بەجۆر بە زمانی كوردی و عەرەبی و فارسی ، دەستنووسی جۆر بەجۆر بە هەمان ئەوزمانانەو لە بوارە گرنگەكانی زانستی فیلۆلۆجیا ( فقه ) ، نەحو ، سەرف و ڕەوانبێژی ( بلاغە ) ... تاد و هەروەها بە شێكی زۆریش لەوخوتبانەی دەگرێتەوە كە لە ماوەی بەر نوێژی و مەلایەتی كردنیدا ، بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی ، بەتایبەتی ئەوانەیان كە لە مزگەوتی ( مەجید بەگ ) ی شاری خانەقین و هەموو ڕۆژانی هەینیەك بۆ كۆمەڵانی خەڵكی خوێندۆتەوە و هاوكات بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی ناوەرۆكیانی شیكردۆتەوە . وەك ئەوەی هەریەك لەوانە لە شوێنی خۆیانداو بە پێی ناوەرۆك و تەمەنی مێژووییان ، تایبەت مەندیەكی بێ وێنەیان بۆ مێژوو مێژووی ناوچەكە هەیە و بە زۆریش دەستنووسەكانی خۆی و خانەوادەكەی بەپێی ئەوەی ئێمەمانان دیومانن و بەشێكیمان بۆكاری نووسین و بە دواداچوونی زانستی كۆپیی پێویستمان لە بەر گرتوونەتەوە ئەمانەن ، كە بەسەریەكەوە ، كردوومانەتە دووبەشەوە :

### یەكەم / دەستنووسەكانی نێو نامەخانەو ئەرشیفەكانی مەلا غارف :

١- **تهذيب الكلام** : ئەمەیان بریتی یە لە دەستنووسێكی زۆر بەنرخ ، كە بە زۆری بە خەتی مەلا یەحیای باوكی مەلا عارف نووسراوەتەوە و لە ناو یەكیشدا، وەك چوار دەستنووسی سەربەخۆ دێتەوە بەرچاو و هاوكات چوارجارو لە شوێنی جیاوازدا بۆ هەریەكەیان بە: ( بسم الله الرحمن الرحيم ) دست پێ دەكات و لە كۆتایی یەكەمیاندا، كە بە ناونیشانی : ( رساله عقائد )ەوەیە ، بەسەر یەكەوە بریتی یە لە ( ٤٥ ) لاپەڕە ، بە زمانی فارسی نووسراوە : ( تمام شد نوشتن رساله عقائد لعمر النسفى اعلى الله درجتە عصر پنجشمە ٢٥ شهر محرم حرام سنه ١٣٥٠ براى فرزندى عارف وفقه الله تعالى .. يحيى .. )[٧٧] ، كە ئەمەش بۆ خۆی زۆر بە ڕوونی دیارە ، كە ساڵی نووسینەوەی دەكاتە ( ١٩٣١ ) زایینی ، دووەمیشیان : كە لە ( ٣٢ ) لاپەڕەی چڕوپڕ تر پێك هاتووە و بە هەمان شێوەو هەر بە : ( بسم الله الرحمن الرحيم ) دەست پێ دەكات و

کۆتاییەکەشی هەر زۆر ڕوونە کە دەسخەتی مەلا یەحیای باوکی مەلا عارفە ، بەهەمان شێوە بە زمانی فارسی نووسیویەتی : (( تمام شد کتاب تهذیب المنطق ازمؤلفات ملا سعید تفتازانی غفرالله لە تعجیب برای فرزندی عارف وفقە الله تعالی در اواخر عشر ثانی شهر رجب ١٣٤٩ صلی الله علی النبی محمد والە ) ، ئەمەشیان نووسینەوەی بەرانبەر بە ساڵی (١٩٣٠ ) زایینی [٧٨] . بەڵام بەشی سێیەمیان کە لە ( ٢٢ ) لاپەڕەی دەستنووس پێك هاتووەو بەسەر یەکەوە پەراوێزێکی زۆریشی لەگەڵدا نووسراوتەوە ، هەر بە دەسخەتی مەلا یەحیا خۆیەتی و بە : ( بسم الله الرحمن الرحیم ) دەستی پێکردووەو لە کۆتایشدا بە زمانی فارسی نووسیویەتی : ( تمام شد رسالە وضع از مصنفات مرحوم ملا ابوبکر میر روستمی در شهر رجب ١٣٤٩ ) . بەڵام چوارەمیان کە ( ٢٥ ) لاپەڕەی تەواوە و کەمتر لەوەی پێشووتر پەراوێزی پێویستی بۆکراوە ، هەر لە دانراوەکانی مەلا ئەبو بەکری میر ڕۆستەمیەو وەك ئەوانی پێشووتر بە سەرەتا : ( بسم الله الرحمن الرحیم ) دەستی پێکردووە و بەهەمان شێوەی پێشوو هەر بە زمانی فارسی ولە کۆتاییی دەستنووسەکە دا نووسیویەتی : ( تمام شد رسالة استعارة از مؤلفات ملا ابوبکر میر روستمی بتاریخ شهر رجب ١٣٤٩ )[٧٩] .

٢- **التجوید ومخارج الحروف** : ئەم دەستنووسە بە زۆری بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە و بەسەریەکەوە لە ( ١٩ ) لاپەڕەی تەواو پێك هاتووە ، بەڵام لە زۆربەی لاپەڕەکانی دا ، پەراوێزێکی ڕوون و چڕو پڕی وەك ڕاڤە و لێك دانەوە بۆ لێ تێگەیشتنی ناوەرۆکەکەی کراوە ، بەدڵنیاییەوە و بە پێی شێوازی خەت و نووسینەکەی ، لە نووسینی مەلا یەحیایە ، هاوکات لە کۆتایی زۆرێك لە لاپەڕەکانیدا ناوی ( یحیی ) بە ڕوونی نووسراوە [٨٠].

٣- **کتاب انموذج او شرح انموذج** : ئەم دەستنووسە گرنگە کە بە زۆری بە زمانی عەرەبی و لە هەندێك شوێنی دا فارسی تیا بەرچاو دەکەوێت و دەستنووسەکە زیاتر لە بواری زمانەوانی و زانستی نەحو سەرفدایە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات : کتاب انموژج : بسم الله الرحمن الرحیم : الحمد لله الژی جعل العربیە مفتاح البیان ... الخ ). ئەمەش هیچ گومانێکی تێدانیە ، کە لە نووسینی مەلا یەحیای باوکی مەلا عارف خۆیەتی و بەسەریەکەوە و بە پێی ژمارەی ئەولاپەڕانەی لە بەردەستدایە ، نزیکەی (١٩٠ ) لاپەڕەی قەبارە و شێوە مام ناوەندیە ، لە زۆر شوێنیشیدا بۆ لێ تێگەیشتنی ناوەرۆکەکەی ، تاڕادەیەك پەراوێزی زۆر گرنگی بۆ کراوە و وەك پێویست خوێندنەوەی بۆکراوە ، هاوکات لەدەیان شوێنیدا، بەتایبەتی لە پەراوێزەکانی دەستنووسەکەدا ناوی ( ملا یحیی ) بە خەتی شکستە نووسراوەتەوە . بۆ نموونە لە شوێنێکداو بە زمانی فارسی بە مۆری چاپکراوی مەلاعارف ، کە پێ دەچێت ئەویش هەر لە نووسینی مەلا عارف خۆی بێت نووسراوە : ( بتاریخ قهر روز چهار شنبە دوم شهر جمادی الپانیە سنە ١٣٤٥ ملا عبدالحکیم کیلە گلدنی درخانقین وفات یافت ). واتە لە مێژووی ڕۆژی چوارشەمەی دووەمی مانگی جەمادی دووەمی ساڵی ( ١٣٤٥) ی کۆچی ، مەلا عەبدولحەکیمی کیلە گلدەنی لە خانەقین کۆچی دوایی کرد ، ئەم مەلا عەبدولحەکیمەش بە پێی گێڕانەوەی ئایش خانی کچی مەلا سەید حەکیمی خانەقینی خەڵکی گەڕەکی ( پاشاکۆپری ) شاری خانەقین بوون و تەنها سێ کچی هەبووە، یەکێکیان ناوی ( حەمیدە ) بووە[٨١]. ساڵی مردنەکەشی بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ( ١٩٢٦ ) زایینی . هەروەها لە پەراوێزێکی تر داو هەر بە زمانی فارسی نووسراوە : ( سنندج شهریست محل و مرکزحکمران ولایت کردستان و مشهور است بە ( سنە ) اباد باد ) . واتە سەنەندەج شارێکە ، کە دەبێتە شوێن و ناوەندی فەرمانڕەوایەتی ویلایەتی کوردستان و بە

( سنه ئاباد ) بە ناوبانگە . هاوکات لە هەمان لاپەڕەو بە هەمان پێنووس و هەمان خەت کە هیچ گومانی تیادا نیە ، کە لە نووسینی مەلا یەحیایە و ساڵی ١٣٤٥ ی کۆچی بەرانبەرە بە ساڵی ( ١٩٢٦ ) نووسراوە : ( بتاريخ روز ضهار شنبة بيستم شهر صفر سنة ١٣٤٥ ختم شد نوشتن كتاب شرح انموذج از دست يحيى سنندجى براى نور ضشمى عارف اعطاه الله الكرامة الدارين مع سائر اولادى امين .. در خانقاه مرحوم شيخ عمر قدس سره در شهر خانقى .. يحيى ) . بەهەمان شێوەو هەر لە تەنیشتی نووسینەکەی مەلا یەحیاوە و بە زمانی فارسی نووسراوە : ( تمام شد كتاب انموذج از دست حقير يحيى سنندجى در روز ضهار شنبة بيستم شهرالمظفر سنة ١٣٤٥ ) . دوا بەدوای ئەمەش مەلا یەحیا بەیتێك شیعری کوردی و تێکەڵ بە فارسی لە کۆتایی دەستنووسەکەیدا نووسیوە و ، تیایدا باسی لەوەکردووە ، کە ئەو بەسەد غەمزەو نازەوە کتێبێکی نووسیوە و پێوەی ماندوو بووە و شەونخونی بەدیارەوە کێشاوە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەترسێت ڕۆژێك دابێت بە نرخی پیاز بفرۆشرێت :

( كتابى نوشتم بصد غمزەو ناز

كە ترسم فروشند بنرخ پياز )[٨٢].

٤- **تشريح الافلاك** : ئەم دەستنووسە کە بەسەریەکەوە لە (٣٤ ) لاپەڕە پێك هاتووەو پەراوێزی زۆری بۆ کراوە و بەزمانی عەرەبی نووسراوەو . لە ڕەسەندا لە نووسینی نووسەرێکە بەناوی : ( بەهادینی عاملی) یەوە ، وەك لە سەرەتاکانیدا دەنووسێت : ( فيقول الفقير الى الله الغنى بهاءالدين العاملى عفى الله عنه ) . بەڵام ئەمەی کە لەناو دەستنووسەکانی مەلا عارف دایە ، زیاتر بەخەتی مەلا یەحیای باوکی مەلا عارف نووسراونەتەوە و وەك پێویست ڕاڤەو پەراوێزی بۆ نووسیوە [٨٣].

٥- **البلاغة** ( **الاستعارة** ) : ئەمەش یەکێکە لە دەستنووسە گرنگەکانی نێو کتێبخانەکەی مەلا عارفی ئەردەڵانی و بەزۆری باس لە لایەنی ( ڕەوانبێژی ) دەکات و دەقە ڕەسەنەکەی بە دەستی ( عەبدوڵلا ئەورامانی ( دوور نیە هەورامانی بێت ) نووسراوەتەوە و ، بەسەریەکەوە پەراوێزێکی یەکجار دەوڵەمەندی بۆکراوە و لە ( ٣٥ ) لاپەڕەی قەبارە گەورە پێك هاتووە و سەرەتاو پێش ئەوەی بچیتە ناووردەکاریەکانی دەستنووسەکەوە ، بە لاپەڕەیەك پێشەکی و بەهەردوو زمانی عەرەبی و فارسی لە سەر بە شەکانی : ( الاستعاره ) نووسراوەو بەسەر سێ بەشدا پۆلێنی کردووە . بۆ نموونە لە کۆتایی پێشەکیەکەیدا نووسیویەتی : ( حررته شهر محرم الخير سنة ١٣١٦ م ياضياء الدين ) ولەلایەکی تریشەوەو بە چەند دێرێك پێش ئەوە بە زمانی کوردی نووسراوە : ( پیتکاری حاشيه ملا احمد فنارى ) و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات : ( بة بسم الله الرحمن الرحيم نستعين ) . لە کۆتایشدا بە زمانی عەرەبی نووسراوە : ( قدتمت الرسالة المسماة الاستعارة بعون الملك الوهاب بيد الحقير الفقير اقل الطلاب عبدالله الاورامانى الاصل فى خدمة الاستاذ الكامل فى العلم والحلم الجناب السيد محمد صادق الكلنجى نصره الله الى مديد الزمان ياارحم الراحمين سنة ١٣٠٦ )[٨٤] .

٦- **علم الحساب** : ئەم دەستنووسەیان لە ( ١٠٦ ) لاپەڕەی قەبارە مام ناوەندی پێك هاتووەو بەزۆری لە بواری زانستی : ( بیرکاری ، ئەندازە ، جوگرافیا ، فەلەك ... تاد ) دایەو تابڵێی دەستنووسێکی گرنگ و بایەخدارە و بە خەتێکی زۆر ڕوون و جوان نووسراوەتەوە ، کە هەڵدەگرێت لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی شارەزایانەی بۆ بکرێت ، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە شارەزاو پسپۆری زانستی دەستنووسن . هاوکات ئەم دەستنووسە وەك چۆن لە بواری جۆر بەجۆری زانستی دایە ، لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەسێکی جیاواز

نووسیویانەتەوەو هەیەکەو بە پێی ئەزموون و تایبەتمەندی خۆی لە سەر بابەتەکەو وردەکاریەکانی دواوە و بە درێژایی ڕۆژگار و لە شوێنی پێویستدا پەراوێزیان بۆ کردووە .

## دووەم / خوتبەو نامەکانی نێو دەستنووسەکانی مەلا عارف :

١- **خوتبەکانی** : زۆربەی زۆری خوتبەکانی مەلا عارف بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسراونەتەوە و زیاتر ئەوانەیان دەگرێتەوە ، کە تائێستا ماونەتەوەو بە درێژایی ئەو ماوەیەی ئیمامت و وتاری داوە لە مزگەوتی ( مەجید بەگ ) ی شاری خانەقین دا بۆ کۆمەڵانی خەڵك و دانیشتوانی شارەکە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆرکەمیان نەبێت ، مێژوو و ساڵی وتنەوەیان دیاری نەکراون و ژمارەیەکی یەکجار زۆریشیان بەهۆی هەستیاری ناوچەکەو شارەکەوە ، نەتوانراوە وەك پێویست ئەرشیف بکرێن و لەناو چوون بپارێزرێن ، بەڵام بەزۆری هەموو خوتبەی ئاساین و تەنها وەك ڕێنمایی و ئیرشاد کردنی کۆمەڵانی خەڵك ئامادەی کردوون . وەکیتر زیاتر بایەخ و گرنگیشیان لەوەدا دەردەکەوێت ، کە لە شارێکی وەك خانەقین دا ، کە بەبەردەوامی پرۆسەی تەعریب و چاودێری وردی دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی عێراقی لەسەربووە ، کەچی ئەو توانیویەتی خوتبەکانی خۆی لە قۆناغ و ماوەیەکی دوور و درێژدا بە زمانی کوردی بڵێتەوەو بە زمانێکی کوردی پاراو بیان نووسێتەوە و بەزۆری بۆ هەریەکەشیان کورتەیەکی بە زمانی عەرەبی کردۆتە پاشکۆ ، هەرچەندە لە کاتی نووسینەوەو تۆمارکردنیانی دەقەکوردیەکانی دا کۆمەڵێك زاراوەو وشەی عەرەبیان تێ کەوتووە .

٢- **نامەکانی** : بەزۆری و بەسەریەکەوە بریتین لە: کۆمەڵێك نامەی جۆر بەجۆر بەزمانەکانی : کوردی ، عەرەبی و فارسی و هەریەکەشیان لە هەلومەرج و قۆناغێکی جیاواز و تایبەتدا نووسراون و هاوکات زیاتر پەیوەندیان بەبابەت و بۆ مەبەستی دیاری کراو نووسراون و تەنها لە دەست نووسی مەلا عارف نین ، بەڵکو بەشێکیان هی باپیری واتە مەلا عەبدولعەزیز و ئەوانی تریشی بەزۆری لە نووسینی مەلا یەحیای باوکی و هاوکات بەشێکی زۆریشیان لە نووسینی مەلا عارف خۆیەتی یان لە خەڵکانی ترەوە بۆی هاتوون و لە نێو دەستنووس و ئەرشیفەکانیدا کەڵەکە بوون ، زۆر دڵنیاشم لەوەی ، کە ژمارەیەکی یەکجار زۆریان بە درێژایی ڕۆژگار و بە هۆی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکەوە لە ناوچوون و یان بوونەتە خۆراکی ئاگردانەکان و بە جۆرێك هەڵ دەگرن لێکۆڵینەوەو بابەتی سەربەخۆیان لە سەر بنوسرێت ، وەك لە داهاتوودا دەگەڕێینەوە سەریان و . بە جۆرێك لێرەداو وەك نموونەیەك ، لێکۆڵینەوەکەمان بە دەقی نامەیەکی مەلا ئەحمەدی فائیزی مودەریس ( ١٨٩٧ -١٩٧٠ ) ، کە ئیمام خەتیبی مزگەوتی گەورەی شاری خانەقین بووە کۆتایی پێ دێنین، کە بەزمانی کوردیەو لە کاتی خۆیدا بۆ مەلا عارفی مەلا یەحیای خانەقینی نووسیوە. بەڵام لە ئیمزای خۆی زیاتر ڕۆژ و ساڵی نووسینەوەی بەسەرەوە نیەو بەم شێوەیە :

( سعادەت مەئاب نەجابەت ئیکتیساب ...

